# سەربردەی نەفەق لێدانەکەی بەندیخانەی حیللە

سەعدوڵڵا محمەد حوسێن



* ناوی کتێب: **سەربردەی نەفەق لێدانەکەی بەندیخانەی حیللە**

* نووسینی: **سەعدوڵڵا محمەد حوسێن**

* تایپ: **شیلان مەجید**

* نەخشەڕێژی بەرگ و ناوەوە: **عەبدوڵڵا ڕەفیق عەباس**

* ژمارەی سپاردن (    ) ی ساڵی ٢٠٠١ دراوەتێ

* چاپخانەی (                    )

## سەرەتایەک

کە شۆڕشی ١٤ ی تەموزی ١٩٥٨ بەرپابوو، کاروباری رامیاری بە ئاشکرا دەستی پێکردو چین وتوێژەکانی گەل رێکخراوی تایبەتمەندیان بۆ خۆیان دروست کرد، لەگەڵیدا رێکخراوێک بۆ جوتیارانیش دروست بوو، ئێمەش لەبەر ئەوەی ساڵی ١٩٥٣ بەشداریمان لە راپەڕینی«خێرمان خێرو شەڕمان شەڕ»ی جوتیارانی دەشتی هەولێر دژی چەوسانەوەی دەست زوڵم و زۆرداریی ئاغاوات کردبوو، یەکێک بووین لە خێزانە دەرکراوەکانی نیشتەجێی شار، کۆمەڵەی جوتیاران کە رێکخراوێکی مەزنی رامیاری بوو و سەرپەرشتیی هەموو کاروبارێکی جوتیاران و زەوی و زاریان دەکرد، بە باشیان زانی من بکەن بە نووسەر لە کۆمەڵەکەیان. تا ماوەیەکی زۆر کار بەم شێوەیە رۆیشت، پاشان رۆژگار چەرخەکەی بەشێوەیەکی ناهەموار سوڕاند تا رێکخراوەکە نسکۆی هێناو بەرەو کزی و نەمان رۆیشت، منیش ئەو کات گەڕامەوە سەر دوکانەکەمان، کە رادیۆو کاتژمێر و شتی لەو بابەتەمان دەفرۆشت.

تاوەکو ساڵی ١٩٦٣ زۆر جار تووشی ماڵ پشکنین و گرتن بووین، بەتایبەتی کاکم لە ساڵی ١٩٦٢ گیراو بردیانە گرتووخانەی(فەزیلییە) لە بەغدا بۆ ماوەی دە مانگ مایەوە.

کە کودەتای ٨ی شوباتی ساڵی ١٩٦٣ روویدا، رەشبگیرییەکی وابوو کاربەدەستان بەناو خەڵک کەوتن و، شەلم کوێرێ ناپارێزم خەڵکێکی زۆریان لە بەندیخانەکان پەستا، سەرتان نەیەشێنم منیش لە ١٩٦٣/٢/٢٠ بەر ئەو رەشەبایە



کەوتم و بوومە میوانی کاکم لە بەندیخانەی هەولێر، ئەوەندە خەڵک گیرابوون هەر مۆنجەی دەهات، هی ئەوەنە بوو مرۆڤ تێیدا بژیت، بەڵام کە گوتت ناچاری دەبڕێتەوە، ئیتر بەرەبەرە هەندێک لە گرتووەکانیان برد بۆ لێدان و کوتان لە بارەگای (حەرەس قەومی)، هەروەک دەگوترێ کەس نەیدەزانی چ باسەو چ هەڵلایە.

من لە بێبەختیی خۆم لەو کاتەدا نەخۆش کەوتم و تووشی گورچیلە ئێشانێکی وابووم ئەگەر دکتۆر (عەبدولرەزاق دەباغ) نەبووایە بێگومان ئەمری هەقم بۆ بەجێ دەهێنا، بەڵام دکتۆری ناوبراو وەکو شێران منی داخلی نەخۆشخانەی کۆماری کرد، بە بەندی لە جێگایەکی تایبەتیی دانام کە پێیان دەگوت (عوارض) بەبێ ئەوەی هیچ ناسیاوییەکی پێشترمان هەبێ، جگە لەمن ئەو بەشەی نەخۆشخانە سێ چوار نەخۆشی بەندی دیکەی لێ بوو، یەکێک لەوانە کاک (شێخەشەل)بوو کە هەموو گیانیان هەنجن هەنجن کردبوو لە بارەگای (حەرەس قەومی)، بەڵام کۆڵنەدەر بوو، هەر لەوێ شەوان کەلەپچەیان لە دەستمان دەخست و بەزنجیرێک کە مەترێک درێژ دەبوو لە چوارپایەکەیان دەبەستاینەوە، وا رێککەوت ئەوکات هەلێکی زۆر باشم بۆ رەخسابوو بەشەو رابکەم، هەلەکەش بەم شێوەیە بوو؛ ئێمە فێربووین شەوان بەبێ ئاگاداریی پۆلیسەکان بەبزمارێک دەستی خۆمان لە کەلەبچەکە دەکردەوەو لەبن بەتانییەکەمان دادەنا تاکو هەست نەکەن، کە ئێشکگرەکان شەو نۆرەیان تەواو دەبوو، دەچوون چینەکەی دیکە بانگ بکەن کە لەژوورێکی دیکەدا بوون، دەرگایان بەکراوەیی بەجێ دەهێشت و وایان دەزانی بەستراوینەتەوەو بۆمان ناکرێ رابکەین.

من وام ڕێکخستبوو ئەگەر ڕابکەم تاکو بەیانی هەستی پێ نەکەن، بەڵام کە دایکم هات بۆ لام و بەهێمنی پێم گوت بەتەمای ڕاکردنم و داوام لێکرد جووتێک کالەم بۆ بێنێ، دایکم زۆر بەتوندی نارەزایەتیی دەربڕی، چونکە دایکم و خێزانەکەمیان لەجیاتی من دەگرت، بەو چەشنە وازم لە هەڵاتن هێنا.

ئیتر بەم شێوەیە بۆ ماوەی ١١ڕۆژ لە نەخۆشخانەی کۆماری مامەوە لە بەشی (عوارض)، پاشان منیان ناردەوە گرتووخانە بۆ جێگاکەی خۆم، ماوەی چەند ڕۆژێکی بەسەردا ڕۆیشت منیان بردە لیژنەی لێکۆڵینەوە (اللجنة التحقيقية)، ئەو لیژنەیە تایبەت بوو بە بەندە سیاسییەکان، بارەگای لیژنە لە شاری هەولێر بوو، بینیم وا ئەو کەسانەی منیان بەگرتن داوە هاتوون شایەدیم لەسەر بدەن، پێنج لە ئاغاکان، دوانیان هەر ئاغای گوندەکەمان بوون کە لەساڵی **١٩٥٣** دەریان کردبووین.

ناوی منیان بانگ کردو چوومە ژوورەکە، دواتر یەک یەک شایەدەکانیان بانگ کرد، چی خراپ بوو بۆ من بەدرۆ گوتیان، پاشان نۆرەی من هات قسە بکەم، بە حاکمەکەم گوت یەکێک لەو شایەدانە ئاوهای گوت، بۆچی بەعەرەبی بەشێوەیەکی دیکەتان نووسی؟! ناچارم کرد ئەو فەقەرەیە ڕەش بکاتەوە.

بە حاکمەکە بووایە کە لە خۆیان بوو، چی خراپە بۆ من بینووسێ، بەڵام سەرۆکی لیژنەکە کە ڕائیدێکی عەسکەری بوو ناوی (عبدالطيف)بوو، زۆر چاک لە قەزیەکەی من گەیشتبوو، کە ئەوەی شایەدەکان گوتیان هیچ پەیوەندیی بە منەوە نییە (هەرچەندە تۆمەتی کۆمەڵەی جوتیاران هەبوو کە بەسەرمدا



سەپابوو).

منیش لەلای خۆمەوە ئیفادەی خۆمم داو، هەموو شایەدەکانم بەدرۆ خستەوە، سەرۆکی لیژنەکە پێی گوتم؛ من چاک دەزانم تۆ هیچت لەسەر نییە، وەرە جوێن بە کەسایەتییە سیاسییە ناسراوەکان بدە من یارمەتیت دەدەم بۆ بەربوون، منیش وەڵامم دایەوەو گوتم دەبێ ببووری من جوێن بەهیچ کەسێک نادەم، ئەگەرچی ئێستا لە هیچ حزبێکیش نیم بەڵام شتی وا ناکەم، گوتی کەیفی خۆتە من بۆ تۆمە، منیش سوپاسم کرد.

بەم جۆرە لێکۆڵینەوەم لەگەڵ کراو، دەستیان خستمەوە کەلەبچەو منیان گەڕاندەوە گرتووخانە، بەندەکان بە کۆمەڵ هاتنەلام و سەبارەت بە لێکۆڵینەوە پرسیاریان لێ کردم، منیش بەدرێژی بۆم گێڕانەوە.

ژیان و ڕابواردن لەگرتووخانە زۆر زۆر ناخۆش بوو، چونکە جێگامان کەم بوو، زۆرجار بواری دانیشتنمان نەبوو، دەبوایە لەسەرپێ ڕاوەستین، کەسوکارمان دەهاتنە سەردانمان، بەڵام زۆر ئەزیەتیان دەکێشا، لەگەڵ ئەوەش دایکی خوالێخۆش بووم زۆربەی ڕۆژەکان دەهاتە لامان و، بە پۆلیسەکانی سەلماندبوو کە دایکی (عەریف محیەدین)ـە، کە عەریفی بەندیخانەکە بوو و، بەناوی ئەو دەهاتە حەوشی بەندیخانەکەو لەوێ دیدەنیی من و کاکمی دەکرد.

تاکو لە هەولێر بووین هەر باش بوو، هەر نەبووایە بە دەردەسەریش بووایە چاوێکمان بە کەسوکارمان دەکەوت، جارێکیان لە ئاپۆرای مواجەهە دایکمیان بەر دابۆوەو دەستی بریندار ببوو، زۆری ئەزیەت خواردبوو.

لە **١٩٦٣/٧/٦** ناویان بانگ کردم و دەستیان خستمە

کەلەپچەو بردمیانە وێستگەی شەمەندەفەری هەولێر، کاتژمێر هەشتی بەیانی بوو دەیان بردم بۆ کەرکوک بۆ ئەوەی رۆژی ١٩٦٣/٧/٧ لە دادگای عورفیی دووەم ئامادەم بکەن. کە گەیشتمە لای شەمەندەفەرەکە بینیم دایکم و دایکی سامی (خێزانەکەم)و هەرچوار منداڵەکان (حەسیبە، سامی، ماجید، وریا) گەیشتنە لام، هەر چواریان لەبەرچاوم وەکو چەپکە گوڵێک بوون، ئەوکات وریا لە باوەشی دایکی بوو، ئەوانی دیکەش (سەلکەو بنکە) بوون، فرمێسک سێ ریز بەسەر روومەتە جوانەکانیان دەهاتە خوارێ، دەیان گوت بابە کەی دەگەڕێیەوە؟! دایکیان تەپەسوورەیەکی بەسەردا هاتبوو چەندی دەی کرد قسەی پێنەدەکراو گریانی لەگەروو مابوو، بەڵام دایکم ئەوەندە ژنێکی بەهیمەت بوو دڵی هەموومانی دەداوە، ماوەیەکی کەم لام مانەوە تاکو شەمەندەفەرەکە دەستی کرد بە فیقەفیق، یەکترمان ماچ کردو منیان سوارکردو ئەوانیش بە هەناسە ساردی گەڕانەوە ماڵ، تا لێم دیار بوون هەر ئاوڕیان لەمن دەداوە.

بۆ ماوەی نیوکاتژمێر رۆیشتین گەیشتینە لای گوندی شێراوەی بن پردێ، هەر ئەوەندەمان زانی دوو لرمەی زۆر گەورە هات و من و بەندییەکی دیکە کە دەستمان بەیەکەوە بەسترابۆوە بەسەریەکدا کەوتین، بوو بەتەقە، بەڵام زۆر بەگەرمی.

ماوەیەکی پێچوو تەقەکردن وەستاو پۆلیسەکان کە لەبن کورسیەکانیان نابووین، ئێمەیان هێنایە خوارێ، بینیم دوو پۆلیس کوژرابوون لەگەڵ دوو پێشمەرگە، گوتیان شوفێری شەمەندەفەرەکەش کوژراوەو ژنێکیش بریندار ببوو.

وا رێککەوت لە کاتی شەڕەکە کۆمەڵێک سەرباز بەرێگادا



دەرۆیشتن رێگەکەش زۆر نزیک بوو لە سکەی شەمەندەفەر، ئەگەر پێشمەرگەکان سەرکەوتوو بوونایە ئێمەیان رزگار دەکرد.

بەڵام هەر ئەوەندەمان زانی رەوە جاشێکیش گەیشتنە ئەوێ، من ئەوکات زۆر ترسام چونکە سەرەک جاشەکە ئەگەر منی بینیبووایە هەر لەوێ منی دەکوشت، بێگومان بووم، بەڵام خواکردی لەبەر ترس و مشەوشیی خۆی منی نەناسییەوە، چونکە من چاکەت و پانتۆڵم لەبەرکردبوو خۆشم خستە پەنا تا نەم بینێ، ئەوەندەی پێ نەچوو لۆرییەکیان هێنا ئێمەیان سوارکردو، رەوانەی گرتووخانەی پردێیان کردین، منداڵە وردکەی پردێ (ئاڵتون کۆپری) تێمان وەرهاتن گەلێک تفیان لێ کردین، پاشان ئێمەیان فڕێدایە ژووری بەندیخانە بچووکەکەی پردێ، هەر کاتژمێرێک ماینەوە ئەوجارە دەستیان بەکەلەبچە بەستاینەوەو، سواری لۆرییەکیان کردین بەرەو شاری کەرکوکیان بردین.

کە گەیشتینە کەرکوک، دیتمان پیاوانی میری ئەو بەرو ئەوبەری دەرگای گرتووخانەکەیان گرتووە بۆ ئەوەی هەرچی بە پێشیاندا بڕوات بیدەنە بەرشەق و شولاق تاکو فڕێی دەدەنە ژوورێ، ماڵی زیادی پۆلیس ئاوابێ کە مەئمورمان بوو بۆ بردنە کەرکوک نەی هێشت کەس یەک شەقیش لەمن بدات، هەر خۆی پشتی چاکەتەکەی گرتم و بەپێش ئەوانیدا بردم و فڕێی دامە ژوورێ، کە گەیشتمە ژوورێ چەندی کردم و کردم هیچم نەدەدیت لەبەر دووکەڵە جگەرەو، لەبەر هەناسەی خەڵکی زۆریش گەرم بوو، لەبەر قەرەباڵغیش گوێم لەهیچیش نەدەبوو، ژوورەکە خۆی جێگای چل هێستر بوو ٧٠٠ کەسیان لێ بەند کردبوو، کە لەنێوانیاندا سی شێت هەبوون، یەکێک لەو شێتانە ١٤ دیناری

هەبوو، پاکــەتی جگەرەی بە ٥٠فلس دەکــڕی و بە ٤٠فلس دەیفرۆشتەوە تا هەموو پارەکەی لە دەست چوو.

بەهەر جۆرێک بوو خۆم راهێنا وەک خەڵکەکە ئەو شەوەم تاکو بەیانی زۆر بە ناخۆشی بردە سەر، ئێستاش لەبیرمە لە نێوان ١٦لاقان درێژبووم، چونکە هیچ جێگا نەبوو.



## دادگایی کردن و حوکم دانم

رۆژی ١٩٦٣/٧/٧ ناویان بانگ کــردم و دەســتــیــان بە کەلەبچە بەستامەوەو، بۆ مەحکەمەی عورفیی دووەمیان بردم، کە گەیشتمە دادگا دیتم شایەدەکان هەر پێنجیان لەوێن، منیان بردە قـەفەسـەکەو، ئەوانیش یەک لەدوای یەک بانگ کـران بۆ شایەدییە بەدرۆیەکەیان، کە دەستیان بە قسان کرد من تووشی هیستریایەکی ئەوها بووم بەدەست و بەزمان شاڵاوم بۆیان برد، هەرچەندە سەرۆکی دادگا هاواری لێ کردم هەر گوێشم نەدایە، وای لێهات داوای لە ئینزیباتێک کرد هەردوو دەستم لە پشتەوە بگرێت، بەڵام خۆ نەیانتوانی زمانم بگرن، ئەوەندەی پێم کراو لەتوانامـدا بوو ئابڕووم بردن، بەڵام بێ سوود بوو، چونکە ئەو دادگایە هەر بەناو دادگابوو، هەر بۆ ماوەیەکی زۆر کەم بڕیاریان دەرکردو بە ١٢ساڵ بەندی حوکمیان دام بەپێی مادده (٤٣)و مادده (٣١)و، ساڵێکیش لەژێر چاودێریی پۆلیس بم، بڕیاریش درا رەوانەی بەندیخانەی نوگرە سەلمان بکرێم، بەراستی چونکە توانیم هەرچی بێتە سەر زمانم بەشایەدەکانی بڵێم، هەر وام دەزانی ١٢رۆژ حوکم دراوم.

دواتر کە پۆلیسـەکە منی گەڕاندەوە گرتووخانەکە دەستی نەخستـمە کەلەبچەوەو، کە لە ئۆتۆمبیلەکەش هاتینە خوارەوە پێشم کەوت و منیش لەدوای ئەو دەڕۆیشتم، وام لێکدایەوە پۆلیسەکە دەی ویست رابکەم، بەڵام کە تەماشای راست و چەپی خۆم دەکرد هەمووی چەکدار و پیاوانی میری بوون نەم دەتوانی.

چوومەوە گرتووخانەکەی کەرکوک، زۆربەی بەندییەکان هاتنە لام و پرسیاریان لێ کردم، منیش گوتم ١٢ ساڵ حوکم درام...، هەندێک لە بەندییەکان خەڵکی کفری بوون، رۆژێک یان دوو رۆژ پێش من حوکم درابوون، لەگەڵ ئەوان بوومە برادەر، ئەوانیش بۆ نوگرە سەلمان دەنێردران، دوو سێ رۆژ لەوگرتووخانەیە ماینەوە، تەماشامان کرد ئەگەر بەرتیل نەدەینە پۆلیسەکان زوو رەوانەمان ناکەن، گرتووخانەکەش گەلێک ناخۆش بوو، ناچار بووین هەندێک پارەمان دایە پۆلیسەکان و، رۆژی ١٩٦٣/٧/١٦ پاش نوێژی عەسر ئێمەیان بردە وێستگەی شەمەندەفەری کەرکوک، کە گەیشتینە ئەوێ دیتمان شەمەندەفەرەکە پڕاوپڕە لە خەڵکی گوندان و فەقیرو فوقەرا گیراون و رەوانەی (موسەیەب)یان دەکەن، ئێمە ئەوانەی حوکم درابووین گشتمان ١٢کەس بووین (چونکە هەندێکی خەڵکی حەویجەش حوکم درابوون)، بە پاسەوانێتییەکی زۆرەوە لە فارگۆنێکی تایبەتییان دانایین، پێش ئەوەی سواری فارگۆنەکەمان بکەن منداڵە وردکەی کەرکوکیان هێنابوو بەردە وردکەیان تێ گرتین، زۆرمان پێ ناخۆش بوو، بەڵام هیچمان پێ نەدەکرا، دیمەنێکی تریشم دیت؛ پیاوێکی خەڵکی گوند لەگیراوەکان دەیویست نوێژی عەسر بکات، کەچە چاکەتێکی لەبەر بوو هەرچەندی دەی کرد نەیدەتوانی لەبەری بکاتەوە تا نوێژی لەسەر بکا، چونکە هێندەیان لێ دابوو شان و پیلی نەدەسوڕایەوە، دەستیان لەیەکتر بەستاینەوەو شەمەندەفەر دەستی بەرۆیشتن کرد، لەرێگا ویستیان لێمان بدەن بەڵام نەیان توانی، دەیان زانی هیچیان لێ قبوڵ ناکەین، چونکە ئێمە حوکم درابووین و لێیان بێ منەت بووین.



کە شەمەندەفەرەکە گەیشتە نزیک کفری دیتمان کەسوکاری برادەرانی کفری هاتبوونە سەر رێگا، باش بوو چاوێکیان بە بەندیەکانیان کەوت و هەندێک خواردنیشیان بۆمان هێنابوو، دایکی کاک محەمەد جەمیل کوبەی هێنابوو.

شەو درەنگ گەیشتینە گرتووخانەی بەغدا، بۆ بەیانی ١٩٦٣/٧/١٧ پاش عەسر دەست کرا بەناو خوێندنەوە، ئێمەو هەندێکی دیکەی شارەکانی دیکە ناومان خوێنرایەوەو بوو بە شەقەشەقی کەلەبچە راوەشاندنی پۆلیسەکان و دەستیان خستینە کەلەبچەو سواری لۆریەکیان کردین و، ئێمەیان بردە (محطة شرقي بغداد)و سواری فارگۆنێکیان کردین بەرەو شاری سەماوە، ئەو شەوە دوورو درێژە ئەوەندەی کردمان و کردمان دەستیان لە کەلەبچە نەکردینەوە، بەراستی زۆر هیلاک بووین لە بەغداوە بۆ شاری سەماوە دوو دوو لێک بەسترابووینەوە.. سەفەرێکی زۆر ناخۆش بوو، گێڕانەوەی هەر بەقسە خۆشە.

بۆ بەیانی زوو گەیشتینە شاری سەماوە... ئۆخەی سەد ئۆخەی ئێمەیان دابەزاندو لۆرییەکیان هێناو سواریان کردین و بەرەو گرتووخانەی شاری سەماوە بەرێ کەوتین، کە گەیشتینە ئەوێ، بینیمان ئەوێش پڕبوو لە بەندکراوان، هەندێک هەر لەوێ بەندبوون، هەندێکی دیکەش ئامادە کرابوون لەگەڵ ئێمە رەوانەی نوگرە سەلمان بکرێن... پاش کاتژمێر ٨ی بەیانی پاسێکی گەورەی داریان هێنا گشتمانیان سوارکردو، بەرەو نوگرەسەلمان بەرێ کەوتین، ١٨ی مانگی تەموزە چەندی بیری لێ دەکەیەوە گەرمایە، بە چوار کاتژمێر ئەوجا توانیمان ئەو رێگایە گەرمە بێ ئاوە قوماویە ببڕین، لەرێگا لەیەک دوو جێگا

رایان گرت، ناوی جێگاکان (حومەییدە)و (شێخییە)بوو، هەر یەکەو بیرێکی ئیرتیوازیی لێ بوو، گوایە ئاومان خواردەوە، بەڵام چ ئاو هەروەکو ژەقنەبووت بوو هەر بەناو ئاوبوو.



## نوگرەی ناموبارەک

نوگرە سەلمان شار نییەو هەر بەناو قەزایە، لەماڵە پۆلیسی بەندیخانەو هەندێک ماڵە پۆلیسی خانەنشین بەولاوە هیچ ماڵێکی دیکەی لێ نەبوو، چونکە بە راستی ژیان لەم جۆرە جێگایانە زۆر سەختە. بۆیە پێی دەڵێن نوگرە، چونکە جێگاکەی نزمە، یەکەم جار گەیشتینە (قضاء سلمان) کە یەک کیلۆمەتر لەپێشەوەتری بەندیخانەکەو (مديرية شرطة البادية الجنوبية)یە.

هەر ئەوەندەمان زانی پاسەکەمان گەیشتە بەر دەرگای بەندیخانەی کۆن، هەموومانیان هێنایە خوارەوەو ریزیان کردین و ناویان خوێندینەوە، ئەوەی ماوەی بەندییەکەی پێنج ساڵ و کەمتر بوو بۆ بەندیخانەی نوێ و ئەوەی ماوەی بەندییەکەی لەپێنج ساڵ زۆرتر بوو بۆ بەندیخانەی کۆن نێردرا، من لەبەر ئەوەی حوکمەکەم ١٢ساڵ بوو، هەروا برادەرانی کفریش کە دەساڵ بوو، نێردراینە بەندیخانەی کۆن، هەردوو بەندیخانەی کۆن و نوێ پێکەوە نووسابوون، بەڵام دەرگا لەنێوانیان نەبوو، بەندیخانەی نوێ دە قاوشی زۆر گەورەی تێدابوو وەکو قاوشی عەسکەری و گۆڕەپانێکی زۆر گەورەی لەناوەڕاست لێ بوو بۆ تۆپی پێ، بەڵام بەندیخانە کۆنەکە گەلێک ناخۆش بوو، زۆر لە کۆنەوە دروست کرابوو، ناوی خۆی بەخۆیەوە بوو.

دوای ئەوەی ئێمەیان بەوردی پشکنی ڕەوانەی ژوورەوەیان کردین، کە گەیشتینە حەوشی بەندیخانەکە بەندییەکان پێشوازییان لێ کردین، ڕێگا ئەوەندە گەرم بوو کە گەیشتین زۆر

پەرێشان ببووین، من کە سەرم بڵند کردو تەماشام کرد کاک بورهان فەتاح و کاک شێخ محەمەد خدر کە هەردووکیان خەڵکی هەولێر بوون و برادەرو ناسیار بوون بە پیرمەوە هاتن و، نیو دێمکە ئاوی خواردنەوەیان هەبوو ناچار بوون بەسەر سەرمی دابکەن بۆ ئەوەی نەختێک فەرامۆشیم بێتەوە بەرو مێشکم بێتەوە سەرەخۆ، خوا لە برایەتییان کەم نەکات قۆڵی منیان گرت و بردمیانە سەر جێگاکەی خۆیان لە قاوشی سێی بەندیخانەی کۆن، برادەرانی کفریش چوونە قاوشێکی دیکە، کە هاتمەوە سەرخۆم برادەرانی قاوشەکە هاتنەلام و بەخێرهاتنیان کردم، کە هەندێکیان ئەفسەربوون.

لە ١٩٦٣/٧/١٨ تاکو ١٩٦٣/١١/١٨، ئەم چوارمانگە هەرچەندی بلێیی لە وەزعێکی خراپ و ناخۆشدا دەژیاین، خواردن زۆر زۆر کەم بوو، ئاوی خواردنەوەش ئەوەندە کەم بوو کە کاتێک کاک بورهان و کاک شێخ محەمەد ئاوەکەیان بەسەر سەری مندا کرد، ئاو نەما بیخۆنەوە، لەملاو ئەولا هەندێک ئاویان پەیداکرد، کارەبا نەبوو، مواجەهە نەبوو، نامەناردن و هاتن نەبوو، هەر کەسە لە کەسوکاری خۆی بزر ببوو، سەرەڕای ئەوانەش حەرەس قەومییەکان (کە ٢٢ کەس بوون) بێزاریان کردبووین، پۆلیسەکان کە (٧٢کەس بوون) گەلێک باش بوون، دووجار حەرەس قەومییەکان ویستیان بمان کوژن، بەڵام دیارە ئەجەلمان نەهاتبوو

ڕۆژێک بووە سافیرەلێدان، پۆلیسەکان زۆر بەئازایی ئێمەیان لەناو قاوشەکان کردو دەرگایان لەسەر کلیل داین، بەراستی زۆر ترساین و گوتمان ئێستا دێن دەمان کوژن...،گەلێک دیمەنی ترسناک هاتە پێش چاومان، منیش لەوکاتەدا دەستم بۆ



کەرەستەی تراشەکەم بردو دەستم بە ریش تاشین کرد، برادەرانی قاوش گشتیان هاتنە قسەو گوتیان ئەوە چ دەکەی؟ گوتم ریشم دەتراشم، گوتیان ئێمە ئێستا گوللە باران دەکرێین تراشی چی؟! گوتم باوکم دەمەوێ کە کوژرام ریشم تراشرا بێت! باش بوو هەندێکیان زەردەخەنەیەکیان هاتە سەرلێوان، منیش کردمە راستی و تراشی خۆم کردو کەرەستەی تراشەکەم دا کاک شێخ محەمەد خدریش، گوتم دەبێ ئەتۆش تراش بی، چاک بوو ماوەیەکی پێ چوو دەرگایان لێ کردینەوەو وازیان هێنا لەوەی گوللە بارانمان بکەن، جارێکیان (ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر)یش باسی ئەو ڕووداوەی کردو گوتی من ناڕازی بووم بەندییەکانی نوگرە سەلمان بکوژرێن.

حەرەس قەومییەکان دوژمندارییەکی وایان لەگەڵ دەکردین ئەگەر هەرنەبووایە هەتا بەیانی ئیشکگرەکان بەدارێک یان پارچە ئاسنێک لە تەنەکەی بەتاڵیان دەدا هەر بۆ ئیزعاج کردن و خەولێ زڕانی ئێمە، یان زۆرجار بەرۆژ لە سەربانی قاوشەکانەوە وردکە بەردیان لە مامۆستای تەمەن حەفتاو پێنج ساڵی (یەحیا قاف) دەگرت، یەحیا قاف شاعیر بوو و بە یەکەم مامۆستای عێراق ناو دەبرا، زۆریش پیربوو، مامۆستا یەحیا قاف ئامۆژگاریی حەرەس قەومییەکانی دەکرد، دەیگوت کوڕەکانم ئەوەی ئێوە دەیکەن دەبێتە هۆی لەناوچوونتان، زۆر قسەی وای دەکرد ئەوان پێی دڵگران دەبوون، پاشان دەیگوت (یحیی قاف یحكي و ما یخاف)، ئەوانیش بەو شێوەیە ئیهانەی ئەو پیاوە پیرە شاعیرەیان دەکرد، بەڵام قسەکانی یەحیا قاف گشتی هاتنەجێ.. یەحیا قاف لە بەندیخانەی (حیللە)بوو کە

عەبدولسەلام عارف لەناو تەیارە سووتا، لە خۆشیان تووشی شەلەلی (نصفي) بوو و، دواتر ئەمری خوای کرد.

ماوەیەکی پێ چوو خەمی ئەوەم بوو کە کەسوکارم نازانن چیم لێهات و بۆ کوێ رەوانە کرام... هەروەک گوتمان نامەو هاتوچۆ قەدەغە بوو، تەنها دەیان هێشت روزمەی بەرید بێت، نوگرە سەلمان وەک کاروان سەرا وابوو، رۆژێ بەسەدان دەهاتن و بەسەدانی دیکەش رەوانەی بەغدا دەکران بۆ دادگاییکردن، منیش رۆژێکیان بیرم کردەوە کارێکی وا بکەم ماڵەوە بزانن من لە نوگرەسەلمانم، لە گرتووخانەی بەغدا نامە رەوانە دەکرا، هێنام لە کاغەزە تەنکەی ناو پاکەتی جگەرەی جمهوریی ئەوکاتە نامەکەم نووسی و تیایدا باسی خۆم ونوگرە سەلمانم کردو، داوام لێکردن ئەگەر نامەکەی منیان بەدەست گەیشت روزمەیەکی بەریدم بۆ رەوانە بکەن و دووپاکەت تاید بخەنە ناو روزمەکە، پاش ئەوەی تایدی ناو پاکەتێکیان بەتاڵ دەکەن نامەو وێنەی منداڵەکانم بۆ بخەنە ناوی و بەجۆرێکی وا دای بخەنەوە کە نەزانرێت دەستکاری کراوە.

کە نامەکەم نووسی یەکێک لەو برادەرانەی رەوانەی بەغدا دەکران دەم ناسی، هەر ئەوکات پاکەتە جگەرەکەیم لێ وەرگرت و جگەرەیەکم هێنایە دەرەوەو تووتنەکەی ناویم لێ دەرهێناو نامەکەم لوول داو خستمە ناو جگەرەکە (لە جێگای توتنەکە) ئینجا خستمەوە ناو جگەرەکانی دیکەو، داوام لەو برادەرە کرد کە گەیشتە گرتووخانەی بەغدا ئەم نامەیە بێنێتە دەرەوەو ئەو ئەدرێسەی لە نامەکە نووسراوە بیخاتە سەر زەرفێک و نامەکەم بۆ رەوانە بکا، بەتەمای خوای گەورە.



ماوەیەکی باشی پێچوو، رۆژێک ناویان بانگ کردم و گوتیان وەرە دائیرەی بەندیخانە روزمەی بەریدت بۆ هاتووە، منیش بە ئازایی چووم دیتم روزمەیەکم بۆ هاتووە دوو پاکەتی تایدی تێدایە، یەکێک لە پاکەتەکان شکابوو تایدەکە ڕژابووە ناو کیسەکە (کە خامێکی سپی بوو)، منیش گوتم سەدی سەد ئەوە ئەو پاکەتەیە کە نامەو وێنەی تێدایە، پاشان دەرکەوت بەپێچەوانەوە بوو.



نوگرە سەلمان - جلی (کانە)ی بەندیخانەم کردۆتە رانک و چۆغەڵ

روزمەکەیان پشکنییەوەو دایانە دەستم، منیش خێرا گەڕامەوە قاوشەکەم و جارێ هیچم نەکرد تایدەکەی دیکەم شکاند، کە دیتم پڕە لەنامەو وێنەی منداڵەکان ئەوەندە دڵخۆش بووم وەک ئەوەبوو دیدەنیی یەکترمان کردبێ، لەنامەکەدا هەموو شتێکیان بەدرێژی بۆم نوسیبوو بە تایبەتی دەنگوباسی کاکم کە بەساڵێک حوکم درابوو و رەوانەی بەندیخانەی بەعقوبە کرابوو، لەنامەکەیان وا دەردەکەوت کە زانیبوویان من رەوانەی بەندیخانەی نوگرە سەلمان کراوم، لەشایەدەکانیان زانیبوو کە لەلای خەڵک باسی ئەوەی لە

دادگا پێم کردن و شایەدیی خۆیانیان کردبوو.

لە نامەکە نوسیبوویان بە حەمەدەمینی خاڵم سابیر کە لە نوگرە سەلمان پۆلیسە ٣ دیناریان بۆ رەوانە کردووم، بەراستی هەر نەشمدەزانی حەمەدەمین لە نوگرە سەلمان پۆلیسە ، دوایی بۆم دەرکەوت کە فەقیرە لەبەر حەرەس قەومییەکان نەیدەوێرا بێتەلام لە بەندیخانە.

وای لێهات زۆر بێ پارە بووم، ئەوکات جگەرەم دەکێشا ، ١٠پاکەتم مابوو فرۆشتمەوە، دانەی بە ٤٠فلس و وازیشم لە جگەرە کێشان هێنا ، خەڵک لە بەندیخانە فێری جگەرەکێشان دەبێت منیش وازم لێهێنا ، ماوەیەکی دیکەی پێچوو ٣٠٠فلسم یارمەتی لە رێکخراوی بەندیخانە وەرگرت.

رۆژێک بیرم کردەوە چۆن ئەو سێ دینارەم کەلای حەمەدەمینە بگاتە دەستم، یەکێک لە حەرەس قەومییەکان ناوی عەلی بوو قسەی لەگەڵ دەکرا، منیش گوتم دەبا بە عەلی بڵێم بەڵکو بۆم جێبەجێ دەکات، گوتم ئەبو حوسێن سێ دینارم لەرێی پۆلیسێکەوە بۆهاتووە ناوی حەمەدەمین سابیرە لە قەزای سەلمان پۆلیسە، زۆر مەمنون دەبم ئەگەر لێی وەربگری و بۆمی بهێنی، چونکە زۆر پێویستم پێی هەیە، گوتی ئاسانە.

هەر ئەوەندەم زانی رۆژێک پارەکەو نامەیەک و هەندێک جل و هەمووو ئەوانەی بە حەمەدەمین رەوانە کرابوو، هەمووی بۆ هێنام.

هەروەکو باسم کرد ئەو چوار مانگە حاڵمان زۆر پەرێشان بوو، حەفتەی جارێک بەنیو تەنەکە ئاوی تاڵ خۆمان دەشوشت، بەسێ چارەگە تەنەکە ئاوی تاڵیش کە بە تایدیش کەفی نەدەکرد حەفتەی جارێک جلەکانمان دەشوشت. رۆژانە دێمکەیەک ئاوی



گوایە شرینمان هەبوو بۆ خواردنەوە، بەڵام چ ئاوێک وەک زەقنەبووت بوو، هەریەکە قۆدییەکی یەک کیلۆیی هەبوو بۆ (W.C)، هەموو ئاو دابەشکردنەکە ئێشکگری لەسەر بوو و بەندییەکان خۆمان سەرپەرشتیمان دەکرد.

شەوانیش کەچە فانۆسێکمان هەبوو یان دەسوتا یان نەدەسوتا، خەویشمان کەم بوو، چونکە (وەک پێشتر باسم کرد) حەرەس قەومییەکان شەوان لەسەر سووچی دیوارەکان هەر بۆ ئیزعاجکردنمان تەنەکەیان لێ دەدا، بەهیچ جۆرێک نەیان دەهێشت بەندییەکانی بەندیخانەی کۆن و بەندییەکانی بەندیخانەی نوێ یەکتری ببینن، زۆری وای تێدابوو باوک لەو لایەو کوڕیش لە لایەکەی دیکە، یان برایەک لەم لاو برایەکەی دیکە لەلایەکەی دیکە بوو.

بەندیخانە خەڵکێکی گەلێک زۆری تێدابوو، هەتا سێ مانگ جێگا نەبوو یاتاغەکەم رابخەم هەر لای برادەران بووم، نوستنیش زۆر بە ناخۆشی بوو، کەس نەیدەتوانی کەلەکەی خۆی وەرگێڕێ هەر دەتگوت گۆڕەو شار دەدرێین، بەرۆژیش خۆمان بەشتی دیکە خەریک دەکرد، هەندێک کتابی لێبوو، بەدزیش رادیۆمان هەبوو، رادیۆ لە بەندیخانە لە برای پشتی باشتر بوو، ئەی باوکەرۆ هەر خوا دەیزانی بەچ ناخۆشییەک ئەو ماوەیەمان رابوارد.

## کودەتای عەبدولسەلام عارف

له ١٩٦٣/١١/١٨ عەبدولسەلام عارف توانی بەسەر بەعسییەکان زاڵ ببێ و له رادیۆ هەواڵەکە بڵاوکرایەوە، بوو بە هاتوهاواری حەرەس قەومییان، هەر ئەوەندەمان زانی لێمان چوونە سەربانی قاوشەکان گوللەبارانمان بکەن، بەڵام باش بوو پۆلیسەکان زۆر بەچاپووکی سافیرەیان لێداو ئێمەیان بردەوە ناو قاوشەکان و رزگاریان کردین.

دواتر پۆلیسەکان و حەرەس قەومییەکان رووبەرووی یەکتر بوونەوە، پۆلیسەکان توانییان هەندێکیان بگرن و، بیستم هەندێکیشیان هەڵاتن، کە رووداوەکە سەری گرت و بەعس لاچوو گۆڕانێکی ئاوها بۆ ئێمە دروست بوو، کەس ئاگای لەوە نەما کە له نوگرە سەلمان بەندە؛ دەرگای نێوان هەردوو بەندیخانەکە کرایەوەو، خەڵکەکە بەیەکتر شادبوونەوە، مدیرێکمان بۆ هات کە پیاوێکی زۆرباش بوو، له هەموو رووێکەوە بەندیخانەکەمان وەک بەندیخانەی هەر وڵاتێکی پێشکەوتووی لێ هات، وەرزش، نمایشکردن، کۆڕو کۆبوونەوە، خوێندن و خوێندنەوە، فێربوونی زمانی بێگانە....، پەیدابوون و، رێگای مواجەهەو نامە ناردن و هاتن کرایەوە، هەر ئەوەندەی ناخۆش بوو کە دوور بووین، دەنا گۆڕانێکی وا بوو هەر چەند باسی بکەی هەر کەمە، لەهەمووشی گرنگتر خواردنمان باشتر بوو، دوای ماوەیەکی کەم کارەباشیان راکێشاو، ئاوی تاڵیان بە بەلوعە گەیاندە بەندیخانەو ئاوە شیرنەکەمان زیاتر بوو(کەهەر بەناو شیرین بوو).



هەرچەند بڵێی کاتی خۆمان بەخۆشی دەبردەسەر، بەپیاسەو میوانداریی یەکتری و نوکتەگوتن و گفتوگۆی خۆش لەگەڵ یەکتر، کە کارەبا بەسترا ئاریەلی رادیۆکەمان له ساردی کارەبا دەخست بۆ ئەوەی رادیۆی دەنگی کوردستان وەرگرین و، زۆر بە چاکی وەری دەگرت.

نامەم بۆ هات، بۆم دەرکەوت کە کاکم رەوانەی بەندیخانەی رومادی کراوە، پاشان کاکم خۆی نامەی رەوانە دەکردو منیش وەڵامم دەدایەوە، وای لێهات کەسوکاری بەندییەکان دەهاتنە دیدەنی(مواجهه)، دایکم و گشت منداڵەکان هاتنە لام و ٣-٤ سەعات لەلام مانەوە، لەو دیدەنییە داوای رانکوچۆغەڵێکم کرد!!

رانکوچۆغەڵەکەیان پاش ماوەیەک بۆ ناردم. ئەگەر چی قەدەغەش بوو بەڵام من کردمە بالیف(سەرین) و خستمە ژێر سەری خۆم، بەو ئاواتەی رۆژێک له رۆژان رابکەم، چونکە هەموو کاتێک بیرم له راکردن دەکردەوەو دەمگوت دەبێ رۆژێک له رۆژان بۆم رێک نەکەوێ رابکەم! هەتا بەنسیبم بوو.

لەگەڵ کرانەوەی دەرگای نێوان هەردوو بەندیخانەکە، گواستنەوە له قاوشێکەوە بۆ قاوشێکی دیکە بووە کارێکی ئاسایی، لەبەر ئەوەی خەڵکی هەولێر زۆریان له قاوشی ٦ ی بەندیخانەی نوێ بوون، خۆم گواستەوە ئەوێ، رۆژانە کاتی خۆشمان دەبردەسەر و شەوانەش گشتمان لای یەک کۆدەبووینەوە، جارجاریش کاک حەسەن قۆپچەسۆری مەخمووری لاوکی کاوێس ئاغای بۆ دەگوتین«دەخاڵۆ دەخاڵۆ» ، ئەو نمایشانەی له نوگرەسەلمان دیتم له دەرەوەی بەندیخانە نەم بینووە، تۆپانێ بەگشت جۆرەکانییەوە یاریی رۆژانەی

بەندییەکان بوو، خواردنیشیان بەوە چاک کردبوو قازانجی حانووتەکەیان خستبووە سەر خواردن کە زۆر لە جاران باشتر ببوو، ئەو کەسانەی کە پارەو مواجەهەیان نەبوو پێیانەوە دیار نەبوو، چونکە یارمەتییەکی باشیان دەدان بە قازانجی حانووتەکە و یاریدەی ئەو کەسانەی حاڵیان باش بوو، زۆر جار کاک عادل سەلیم(هەزار رەحمەتی لێ بێ) گاڵتەی لەگەڵ عەبدولخالق قاسم دەکرد کە لە ئێمە بەپارەتر بوو، ئەویش قۆدییەک گۆشتی(بیف)ی پێ دەکڕی، کاک سابیر محەمەد حوسێنیش کە لە مەخزەن بوو نۆردییەک نانی بۆمان دەهێنا لەگەڵ سێ چوار هێلکەی شکاو، قۆدیە گۆشتەکەمان گەرم دەکردەوەو دەمان خوارد، گەلێک خۆش بوو.

زۆرجاریش دەچوومە لای کاک محەمەد جەمیل و کاک حوسێن و مام حەبیب کە خەڵکی شاری کفری بوون، مام حەبیب(هەزار رەحمەتی لێ بێ) باوکی کاک محەمەد جەمیل بوو، باوک و کوڕ پێکەوە بەندبوون، مام حەبیب پیاوێکی تا بڵێی قسە خۆش بوو، گەر توڕەش بووایە دۆو دۆشاوی تێکەڵ دەکرد، بەڵام گشتمان خۆشمان گەرەک بوو.

من لە بێبەختیی خۆم تووشی گورچیلەهێشان بووم، بەشێوەیەک کە هاتمە سەرە مەرگ، زۆر دکتۆر لەگەڵ ئێمە بەندبوون، بەتایبەتی دکتۆر (رافید سوبحی ئەدیب) کە ئەو کات باشترین دکتۆری جەراحی عێراق بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی گورچیلەکەم بەردی تێدا بوو، هەرچی بۆیان دەکردم بێ سوود بوو، رۆژێکیان پێنج دەرزیی مۆرفینم لێدرا، بەڵام هەر ژانی نەدەشکا، برادەرەکانم بەهیلاک دابوو، خۆ کاک سمکۆی کۆیی هەموو دەم لەلای سەرم دانیشتبوو، شەو و نیوەشەو گشت برادەران درێغیان



نەدەکرد، چەند رۆژێکی پێچوو رۆژ بە رۆژ خراپتر دەبووم، مدیری بەندیخانەیان تێگەیاند کەوا من حاڵم زۆر خراپە، ئەو کات ئەگەر بەندێکی نەخۆشیان رەوانەی نەخۆشخانەی دیوانیە بکردبووایە، دەبووایە رەزامەندیی حاکمی عەسکەریی عام وەرگرن، بەڵام چونکە من زۆر نەخۆش بووم مودیرەکە لەسەر مەسئولییەتی خۆی لەگەڵ چەند بەندییەکی دیکە کەپێشتر موافەقەیان هاتبووەوە رەوانەی نەخۆشخانەی شاری دیوانییەی کردم، ئێمەیان سواری لۆری کردو رەوانەی شاری سەماوەیان کردین، شەو لە گرتووخانەی سەماوە ماینەوە، ئەو شەوە گورچیلەکەم ژانێکی زۆری هەبوو، بەهەر جۆرێک بوو شەو کەچە پرێمزێکی بەندیخانەکەیان داگیرساندو نەختێک ئاویان بۆ گەرم کردم و، لەناو بوتڵێکی نایلۆنمان کردو هاوێشتمە سەر گورچیلەم بۆ ئەوەی نەختێک ژانی بشکێ، بەڵام نەمزانی بوتڵە نایلۆنەکەم راکوشی قەپاغەکەی لێبووەوەو ئاوەگەرمەکە بەسەر سکمدا رژاو زۆر ئەزیەتی دام، ئەو شەوە هەر بە پەنجە رۆژم کردەوە، بۆ بەیانی پۆلیس ناویان خوێندینەوە و دەستیان لەکەلەبچە بەستاینەوەو سواری لۆرییان کردینەوە بەرەو شاری دیوانیە، کە گەیشتنە دیوانیە ئێمەیان بردە گرتووخانەی(حی العصری)، پێش ئەوەی بمان بەنە نەخۆشخانە دوو شەو لەو گرتووخانەیە ماینەوە.

لەوێدا بڕیاردرا رابکەین، بەهەر جۆرێک بوو پارچە شیشەیەکی ئاسنمان بەدەست کەوتبوو لەگەڵ خۆمان بردووبوومانە ژوورەوە، ئەوانەی کە لەگەڵ من بوون بەهێز بوون، هەر چەندە من زۆر نەخۆش بووم، بەڵام من گوتم راکردن ئاواتێکی منە خەمی منتان نەبێ، من ئەگەر بشمرم وەک ئێوە

رادەکەم، برادەرێکی فرۆکەوانمان لەگەڵ بوو ناوی(عەبدولمونعیم) بوو پێیان دەگوت ئەبو سەلمە گوتی: کاکە سەعدوڵلا لەسەرشانی خۆم دادەنێم.

پاشان زۆریان لێ کۆڵییەوە وازیان لە راکردن هێنا، چونکە پیاوێکی خەڵکی دیوانیەمان لەگەڵدا بوو باش شارەزابوو گوتی باوکم ئەو ئیشە سەر ناگرێ تکایە وازی لێبهێنن.

بۆ دوو بەیانی ئێمەیان بردە نەخۆشخانەی کۆماری لە دیوانیە، تەماشام کرد دوو سێ بەندی دیکەی لێ بوو دوانیان عەمەلیاتی رێخۆڵەکوێرە کرابوون، یەکێکیان وەک من گورچیلەی دەهێشا ناوی(نوری سەعدوڵلا) بوو ئەفسەر بوو، بەخێزانەکەی ئەو وەڵامم بۆ ماڵەوە نارد کە من لە نەخۆشخانەی دیوانیەم، چەند رۆژێکی مابوو بۆ جەژنی قوربان هەر کەسە وەڵامی ناردبوو کە کەسوکاریان بۆ جەژن بێنە لایان چونکە فرسەت بوو، منیش وەڵامم نارد کە بێنەلام، ئەگەر چی بۆ ماڵ و منداڵی من ئەم هاتنە زۆر زەحمەت بوو بەڵام هەر ناردم بێن، رۆژی عالفە بوو هەر هێندەمان زانی زۆر بەخێرایی و بێ ئەوەی هیچ عیلاجێک وەربگرین هەموومانیان لە نەخۆشخانە دەرکرد، گەلێک هاتوهاوارمان کرد بەڵام بێ سوود بوو، هەر گوێشیان پێ نەداین، ئێمەیان بردەوە گرتووخانەکەی(حی العصری)، لەوێ پێیان گوتین ئەمڕۆ هەندێک بەندییان لە نوگرەسەلمانەوە هێناوە لە رێگا بەندییەکان بەهۆی جگەرەوە پۆلیسەکانیان بێ هۆش کردووەو، بە کەتەر و پلایس تێلە کون کونەکەی لۆرییەکەیان پساندووەو رایان کردووەو هەمووشیان رزگاریان بووە، زۆر خراپمان بۆ هات بەتایبەتی من لەلایەک گورچیلەم زۆر بەژان بوو لەلایەکی دیکەشەوە گوایە وەڵامم ناردووە ماڵەوە بێنە لام. بۆ



بەیانی دەبووە جەژنی قوربان (ساڵی ١٩٦٤) کە رۆژهەڵات دیتم هەر یەکە لەبەندییەکان کەسوکاریان هاتن بۆ لایان، تەنها من نەبێ وەک گێژان لە حەوشی گرتووخانەکە دەسوڕامەوەو دەمگوت ئێستا ئەگەر ماڵەوە بێن بۆ دیوانیە دەچنە نەخۆشخانەو لەوانەیە کەس پێیان نەڵێ ئێمە وا لە گرتووخانەی(حي العصري)بن، دەردەگورچیلەکەم لێ بووە دوو دەرد، هەر چاوەڕوان بووم و نەهاتن تا مواجەهە کۆتایی هات.

هەر ئەوەندەم زانی کاکۆی خوارزام لە دەرگا گەورەکەی گرتووخانەکە بەدەرکەوت..!! هەر نەمزانی چی بکەم، چونکە لەو کاتە پۆلیسەکان کردیانە سافیرە لێدان و گوتیان ئامادەبن بۆ گەڕانەوە بۆ بەندیخانەی نوگرەسەلمان .منیش بانگم کرد گوتم کاکۆ بۆ خاتری خوا ئەدی ماڵەوە؟ گوتی لای نەخۆشخانە جێم هێشتوون، منیش گوتم دەبڕۆ بەئازایی بیان هێنە بەڵکو لە دوورەوەش بێ چاوێکم پێیان بکەوێت.

کاکۆ رۆیشت منداڵەکان بهێنێ، پۆلیس لۆرییەکەیان ئامادەکرد، بووە بانگکردن و ناو خوێندنەوە بۆ رۆیشتن، منیش بەهێواشی چوومە لای شوفێری لۆرییەکە کە عەریفێک بوو پێیان دەگوت(عەریف موللا)، بێ ئەوەی بیناسم چاک و چۆنیم لەگەڵ کردو، پێم گوت ماوەیەکی زۆرە کەسوکاری خۆم نەدیتووە، ئێستاش وا لە هەولێرەوە هاتوون و هێشتا بە رێگاوەن و نەگەیشتوونەتە لای من، ئێوەش وا سواری لۆریمان دەکەن، چارم چییە؟

عەریف موللا هەر وەکو پیاوان گوتی: با بێن خەمت نەبێ، هەڵسا بۆنیتی لۆرییەکەی هەڵدایەوە، ئەوەندەم دیت ماڵەوە

گەیشتنە بەر دەرگای گرتووخانەی(حي العصري) و پۆلیس گوتیان(یاالله مولالا) ، وەلامی دانەوەو گوتی پەلە مەکەن لۆریەکە تەواو نییە، با ئەو پیاوەش کەسوکاری خۆی ببینێ تاکو چاکی دەکەمەوە... لۆریەکەش هیچی نەبوو بەلام لەبەر من وایکرد، ئەوجا پۆلیسەکان گوتیان(یاالله کاکە روح واجهم) ، بەم شێوەیە هاتنە ژوورەوە بەلام چ هاتنێک زۆر هیلاک ببوون، بەلام چاک بوو هەموویان هاتبوون منداڵەکانیشان هێنابوو، بۆ ماوەی نیوکاتژمێر پێکەوە دانیشتین و پێویستیان بۆ هێنابووم، پاش نیوکاتژمێرەکە خۆم گوتم بەسە لەبەر ئەو پیاوە باشە کە پیاوەتیی لەگەڵ کردووم، هێشتا ماڵەوە هەر لەبەردەرگا بوون کەلەپچەیان خستەوە دەستمان و سواری لۆرییەکەی عەریف مولایان کردین.

ئەگەر چی ئەو پیاوە کارەکەی بۆ راست کردمەوە، بەلام بەهۆی ئەوەی باشم بۆ نەهات کەسەرێکی زۆرم کێشا، ئیتر خواحافیزیمان لەیەکتر کرد ئەوان بەرەو هەولێر و منیش بەرەو نوگرە سەلمان بەرێ کەوتین.

ئەوان لە گەڕانەوەیاندا سواری پاسێک دەبن، رادیۆی پاسەکە گۆرانییەکی ریفیی(داخل حەسەن) لێدەدا، دایکی سامی دەست بەگریان دەکا، نەفەرەکانی ناو پاسەکە پرسیاریان کردووە ئەم ئافرەتە بۆچی دەگریێت، ئەوانیش وەلامیان دابوونەوە کە پیاوەکەی لە نوگرەسەلمان بەندە، خەڵکەکەش زگیان بۆ سوتابوو و دەستیان بەگریان کردبوو.

ئێمەیان گەڕاندەوە بەندیخانەی شاری سەماوە، شەوێک لەوێ ماینەوە، ئەو شەوە تا بەیانی دانیشتم، گورچیلەشم



دەهێشا و زۆریش پەرۆشی ماڵەوە بووم.

بۆ بەیانی لۆرییەکی خراپیان هێناو بە قەرەپەستە سواریان کردین و رەوانەی نوگرەسەلمانیان کردینەوە، خوای کرد بەیانی بەردێکم لە گورچیلە هەبوو فڕێمدا و ئیسراحەتم کرد، ئەوجا مایەوە ئەوەی برادەران دەستە دەستە بێنە لام و سەبارەت بە خۆم و نەخۆشخانەو مواجەهە پرسیارم لێ بکەن، منیش سەربردەکەم هەموو بۆ گێڕانەوە.

ژیانی بەندیخانەمان رۆژ بە رۆژ خۆشتر دەبوو، هەر چەند بڵێی کاتی خۆمان بە خۆشی دەبردەسەر، ماوەیەک خۆم خەریکی خوێندنەوەو نووسینی لاتینی کرد لای کاک سەید عەلی عەزیز تا باشی فێرکردم.

رۆژانە بڵاوکراوەیەک بەهەموو قاوشەکاندا دەگێڕدرا گشت دەنگوباسی جیهانمان بۆ دەخوێنرایەوە، هەروەها رۆژنامەیەکی رۆژانەشمان هەبوو، رێکخراوی گشت بەندیخانەش لیژنەیەکی رۆشنبیریی دانابوو کە بە هۆی رادیۆو هاتوچۆوە دەنگوباس کۆدەکرایەوەو، رۆژانە بۆ بەندییەکان دەخوێنرایەوە، بەڕاستی فەرامۆشیەکی زۆر باش بوو.

مواجەهە دەستی پێکرد، هەموو رۆژێک چەند کەسێک مواجەهەی دەهات، من ئەو ماوەیەی لە نوگرەسەلمان بووم دووجار مواجەهەم هات، جارێک ماڵەوە گشتیان و جارێکیشیان کاکم کە لە بەندیخانە بەربوو لەگەڵ دایکم هاتن بۆ لام.

بەو شێوەیە ژیانمان دەبردەسەر تاکو دەستکرا بە گواستنەوەی بەندییەکان بەرەو بەندیخانەی(حیللە و عیمارە)، زۆر کەسیش

ماوەی بەندییەکەی کەمکرایەوە بەهۆی(لجنة اعـادة النظر في
محکومـیـة السجناء السیاسـیین) بە ناشـوکـری نالێم من لە
هەردوولا بێبەش بووم، نە ماوەی بەندییەکەم کەم کرایەوەو نە
بەر گواستنەوەش کەوتم.
دواتر لیـژنە هاتە نوگـرەسـەلمان، ئەوەی بەرائەتی بدابوایە
بەریان دەدا، زۆر کەسیان
بەردا، بەڵام من بەرائەتم
نەدا ، چونکە زۆر بە
تەنازولم دادەنا ، سەرۆکی
لیژنەکە سەری لەبن گوێم
نا گوتی یەک دوو وشە
بنووسە بەرت دەدەم، گوتم
نایکەم.
وای لێهات ئەم
بەندیخانە گەورەیە چەند
کەسێکی تێدا ما ، ئەوی
دیکە هەمـووی ڕەوانەی
بەندیخانەی حیللە کران،


بەندیخانەی نوگرە سەلمان . قەڵای کۆنی لێوە دیارە

من و کاک کەریم عیسا کە برادەرێکی خەڵکی عەنکاوە بوو،
چەند کەسانێکی دیکەش ماینەوەو ساتە خۆشەکانمان لێ بووە
ناخۆشی. کاک کەریم عیساش ماوەی بەندییەکەی کەم مابوو و
دەردەچوو، من بە تەنیا دەمامەوەو لە برادەرانم دادەبڕام.
لەگەڵ کاک سمکۆ مەغدید (کە ئەفسەرێکی کورد بوو و
پێکەوە بەندبووین) برادەرایەتیمان گەلێک خۆش و کۆن بوو و



هەمـوو کـات پێکەوەبووین، بەتایبـەتی کە نەخـۆش بووم کـاک
سمکۆ هەردەم دەستی لەژێر سەرم بوو. کاک سمکۆ گواسترابۆوە
بەندیخـانەی حـیللە، فـەیرۆزخـانی خـێـزانی فـاتیح ئاغـای
ڕاسپـاردبوو بچـێـتـە لای(مدیر عـام السجـون) بەڵکو نەقـڵم
بکات، فەیرۆزخانیش وەک خوشکێکی دڵسۆز منداڵەکانی خۆی
لەگـەڵ خـۆیدا بردبوو و چووبووە لای (مـدیر عـام السـجـون) و
نەقڵی کردم.
ڕۆژی نەورۆزی ساڵی **١٩٦٦** زۆر دڵتەنگ بووم، بیرم لە زۆر
شت دەکـردەوە، هەر ئەوەندەم زانی بەدەنگێکی بەرز بانگیـان
کردم و، بەئازایی چوومە لایان، گوتیان خۆت ئامادە بکە ئەمری
نەقلت هاتووە بۆ بەندیخـانەی حـیللە، وابزانم گـەر بڕیاری
بەربوونیـشم بهاتبوایە هەر ئەوەندە دڵخۆش دەبووم، چوومەوە
قـاوشـەکـەم و زۆر بەخـێـرایی خـۆم ئامـادەکـردو یاتاغـەکـەم
پێچایەوە، خەمی کاک کەریم نەبوو هێندەی نەمابوو حوکمەکەی
تەواو ببێ و بەربێ، باشـە ئەدی رادیۆکـەم چۆن ڕزگـار بکەم؟
هەڵسـام بوتڵێکی نایلۆنم هێناو نیوەم دڕاند، رادیۆکەم خستە
ناوی و پاشـان بۆتڵەکەم پێک داداوەو خاولییـەکم هێناو لێم
دووری و خاولییەکەم تەڕ کردو قولپێکم بۆ کردو بەدەستمەوە
گرت گوایە ئاوی خواردنەوەیە. یاتاغەکەم هاوێشتە سەر ملم و
بوتڵەکەش بە دەستمەوە، پاش ئەوەی گشت برادەرو بەندییەکان
بەڕێیان کردم، کاک کەریم ماچکردو بەرەو دائیرەی بەندیخانە
ڕۆیشتم، لەوێ زۆر بەوردی شمەکەکانیان پشکنیم لۆری
ڕاوەستابوو سواری لۆرییان کردم، کە بەڕێ کەوتین گەلێکم
لەعنەت بۆ نوگرەسەلمان ڕەوانە کرد، شەوێک لە گرتووخانەی
سەماوەیان هێشتمەوە، بۆ بەیانی ڕەوانەی حیللەیان کردم.. کە

گەیشتمە بەندیخانەی حیللە زۆر بەوردی هەموو شمەکەکانیان پشکنیمەوە، بەڵام هیچی قەدەغەم پێنەبوو لە رادیۆکەم زیاتر ئەویش کەس نەیدەزانی لە کوێیە، دوو ساڵیش بوو رانکو چۆغەڵەکەم کردبووە بالیف(سەرین) ئەویش هەر لەلام بوو، دوو ساڵ وشەش مانگ و سێ رۆژ لە نوگرەسەلمان مامەوە.

لەو ماوەیەی لە نوگرەسەلمان بەسەرمان برد تووشی زۆر رێککەوتی ناخۆش هاتین، لە هەموویان ناخۆشتریش ئەوەبوو کە رۆژێکیان بروسکە هات بۆ لەسێدارەدانی دوو پیاوی چالاکی خەڵکی (کوت) یەکێکیان ناوی عەبدولرەزاق بوو مامۆستا بوو، ئەوی دیکە ناوی هەمزە بوو کرێکار بوو. بەر لەوەی بیان بەن ئێمەی بەندییەکان چوینە لایان، بەڵام گشتمان حەپەسابووین نەماندەزانی چ بڵێین، ئاخر لەم وەزعە پیاو چ بڵێ؟!

عەبدولڕەزاق لەپەرۆشیان قسەی پێنەدەکرا، بەڵام هەمزە هەڵسا جگەرەی بەسەرماندا دابەشکردو گوتی؛ خەم مەخۆن ئێمە دەڕۆین ئێوە دەمێنن، هەروا گوتی بەڵام یەک راستی هەیە دەمەوێ بۆتانی روون بکەمەوە: من و ئەو مامۆستایە بە کوشتنی پیاوێک تاوانبار کراوین و ئێستا لەسێدارەمان دەدەن، بەڵام بڕواتان هەبێ ئێمە (لاعلم ولاخبر) لەو تاوانەی بەملی ئێمەیان داهێناوە. بەراستی پیاوێکی بەجەرگ بوو، وەک شێرانم هاتە بەرچاو، ئیتر ئێمەش ماوەیەک لەلایان دانیشتین و، دواتر ناویان بانگ کراو بەچاوی پڕ لە فرمسێک و دڵێکی پڕ لە خەمەوە تا دەرگای دائیرەی بەندیخانە بەڕێمان کردن، بەراستی مەوقفێکی زۆر ناخۆش بوو لەبیر ناکرێ.



**لە بەندیخانەی حیللە؛ دنیایەکی دیکە**

کە گەیشتمە بەندیخانەی حیللە بینیم بە دەیان لە برادەرەکانم لە پێشوازیمدا راوەستابوون، هەموویان دەستیان لەمل کردم و ماچیان کردم... هەر کەسە دەیگوت وەرە لای من، کە هەستم راگرت هەروام زانی لە وڵاتێکی ناخۆشەوە چوومەتە وڵاتێکی یەکجار خۆش.

دوو سێ رۆژ لەژووری(١) مامەوە، پاشان چوومە ژووری(١٧) لای کاک سمکۆ، بەمنەوە بووینە (٧) کەس، ژوورێکی بچووک بوو لە بەندیخانەی نوێ هەر سێ بەچوار دەبوو(چونکە لە حیللەش دوو بەندیخانە هەبوو کۆن و نوێ دەرگایان لەسەر یەک بوو)... ئاوو حەمامێکی زۆر باش هەبوو، مەکتەبەیەکی پڕ کتێبی لێبوو، تەلەفزیۆن دانرابوو، بۆ گشت بەندییەکان خواردنێکی گەلێک زۆر هەبوو چونکە مانگێ دوو جار مواجەهە هەبوو، هەرجارە دوو رۆژ لەسەر یەک... پێی ناوێ هەموو جۆرە مافێکی سیاسیمان هەبوو.

جارێک کە هاتبوونە مواجەهەم، لەبەر ئەوەی مواجەهەکە دوو رۆژ لەسەریەک بوو شەوان لەشاری حیللە دەمانەوە، رۆژی یەکەمی مواجەهە (سامی) ی کوڕە گەورەم لای خۆم گێڕایەوە، بەڵام ماجد(کە لەو بچووکتر بوو) دەیگوت ئەگەر منیش نەهێڵییەوە لای پۆلیسەکان شکاتتان لێ دەکەم... هەردووکیان منداڵ بوون، ئەو شەوە سامی هەر خەنی بوو لەلام، بەڵام بەیانی کە پۆلیسەکان هاتن بمانژمێرن سامیم لەژێر بەتانی نابوو دەترسا، گوتم بابە مەترسە ئەگەر بشزانن دەنگ ناکەن.

ئەو ماوەیەی لەبەندیخانەی حیللە مامەوە هەر بیرم لەوە دەکردەوە دەبێ رۆژێک لە رۆژان نەتوانم رابکەم؟! کاتی خۆی ئەفسەرێک کە خەڵکی موسڵ بوو و ناوی(سەلاح ئەحمەد) بوو زۆر پیاوێکی رەند بوو لە بەندیخانەی نوگرەسەلمان رای کرد، بەڵام بەداخەوە لە رێگا مردبوو، نوگرە بێ مەفەر بوو، بەڵام حیللە وانەبوو، لەو ماوەیەی دواییدا دوو ئەفسەر لەکاتی مواجههە رایانکرد، بەڵام بەیارمەتیی رێکخراوی ناو بەندیخانە.

وای لێهات زۆر کەس بەندیی تەواو دەبوو و دەردەچوو ئێمەش هەر ماینەوە، ماڵەوەشمان بەهیلاک دابوو ئەوەندە رێگای حیللە بکوتنەوە، ئەو ماوەیەی لە حیللە بووم زۆر برادەری دڵسۆزم هاتنە لام گەلێکم هەوەس پێدەهات.

دووبەرەکییەک لە نێوان بەندییەکان پەیدابوو، هەندێک قیادەی مەرکەزی وهەندێکی دیکەش لیژنەی مەرکەزی بوون، ئەگەر چی من لەهیچ رێکخراوێکیان نەبووم بەڵام هەر ناخۆشیش بوو، هەموو دەم ململانێ و ئاژاوە لە نێوانیاندا هەبوو، هەندێک جار شەڕیشیان دەکرد، ئێمە (ئەوانەی بێ لایەن بووین) بەندیخانەکەمان لێ ببووە دۆزەخ.

برادەرێکی رواندزی کەناوی(رەئوف عەبدولکەریم) بوو، زۆر کوڕێکی باش بوو، لە تەعزیب هەر ٣٢ ددانیان شکاندبوو، لەکاتی خۆیدا لەشەڕی کۆڕەک گیرابوو و بیست ساڵ حوکم درابوو، زۆر دڵی بەمنەوە خۆش بوو، هەموو دەم دەهاتە لای من و منیش زۆر خۆشم دەویست.

رۆژێک رەئوف هاتە لام گوتی پرسیارێکم هەیە؛ لە رێکخراوی بەندیخانە داوای دوو وێنەیان لێ کردووم، دەبێ بۆ چی بێ؟ منیش زۆر بە زیرەکی و یەکسەر وەڵامم دایەوەو گوتم؛



لەبەندیخانە وێنە بۆ چییە ئەگەر راکردن نەبێ؟ گوتی هیچ نازانم، بەڵام پرسیار دەکەم، بۆ بەیانی بەپێکەنینەوە هاتە لام و گوتی؛ چیت گوت ئاوهایە.... هەویەمان بۆ دەکەن بۆ راکردن لە بەندیخانە، منیش گوتم؛ کاک رەئوف ئەگەرچی من پەیوەندیم نییە بەڵام بزانە لە برادەران بپرسە بەڵکو منیش بگرێتەوە، بۆ بەیانی هاتەوە گوتی؛ گوتوویانە نابێ، چونکە هی وەک ئەو زۆر هەیە، ئەو هەویەیە تەنها بۆ نەخۆش و پیرەکانە. بەڵام کاک رەئوف بەمنی گوت؛ هیچ خەمت نەبێ بەبێ تۆ ناڕۆم، منیش گوتم دەبا بزانین.

## کون بەدەرکردنی بەندیخانەو راکردنمان

ئێـوارەیەک لەکـاتی ڕۆژئاوابوون لە ١٩٦٧/١١/٧ لەگـەڵ کاک قادر مەلا ئەحمەد لەحەوشەی بەندیخانە پیاسەمان دەکرد، بەڵام کـە سـەرنجت دەدا وەزعـەکـە ئاسایی نەبوو، وامـان زانی دیسان بەربەرەکانێی سیاسیی نێوان بەندییەکانە بۆیە خۆمان تێنەگەیاند، هەر ئەوەندەم زانی کاک رەئوف بەئازایی بۆم هات و گوتی« ئەوەچ دەکەی عالەم هەمووی رۆیشت!» ، کەوای گوت بێ سێ و دوو کـاک قـادرم مـاچ کـردو گـوتم من دەڕۆم، کـاک قـادر ئامۆزای دکتۆر عیزەدین مستەفا رەسولْ بوو پیاوێکی جوامێر بوو، ئەوەندەشی نەمابوو بەندییەکەی کۆتایی پێ بێت، زۆر منی خۆش دەویست، کە زانی منیش تەمـای راکـردنم هەیە دەسـتی بەگـریان کـردو گـوتی مـەڕۆ بەم نەشارەزاییـە دەترسم شـتـێکت بەسەر بێت، گوتم؛ کاکە من هەر دەڕۆم. بەئازایی چوومـە سـەر یاتاغـەکـەی خـۆم و دەسـتم دایە رانـک و چۆغـەڵـەکـەم و چەفیەیەکی زەردم هەبوو ئەویشم برد لەگەڵ دەفتەرخدمەو جووتە کالەکەم، بەگەڵ کاک رەئوف کەوتم و ئەو بەپێشم کەوت، چونکە ئاگـای لە راکردنەکە هەبوو، بەرەو قـاوشی یەک رۆیشـتین، لە دەرگـای قـاوشـەکە یەکـێک لە بەندییـەکـان راوەسـتـابوو ناوی (سەعـید تەقی) بوو بە کاک رەئوفی گوت؛ کاکە(انت بعدین)، منیش چوومە ناو قاوشـەکە زۆر بەخێرایی بێجامـەکـەم لەبەر کـردەوە، سـەرەوەم بۆ لایەک فـڕێ داو بنەوەم بۆ لایەکی دیکە هاوێشت، زۆر بەچاپووکی رانـک و چۆغـەڵـەکـەم لەبەر کـردو چەفیە زەردەکەم لەسەرم ناو کالەکانم لەپێ کردو رووم کردە ئەو



ژوورەی کە کونەکەی لێ کرابوو و دەرگایەکی لەناو ژووری یەک هەبوو، کە دەرگـای یەکـەمم کـردەوە ژوورەکە مـۆنجـەی دەهات ئەوەندە پڕبوو.. یەکـێک لەو بەندییـانە شـەقـەی ددانی دەهات منیش ئەگەر بە کاوەخۆ بچووبوومایە نەدەگەیشتمە سەر کونەکە، ئەگـەر چی ژوورەکـە هەر سێ بەچوار دەبوو بەڵام زۆر پڕ بوو... هەڵاتنەکەش وادیاربوو بەخـێرایی نەبوو چونکە زۆر ئاسـانیش نەبوو، منیش لەکەلێنی لاقان بەهەر جۆرێک بوو خۆم گەیاندە سەرکونەکە، پیـاوێکی خەڵکی عـیـمـارە پێـیـان دەگـوت(ئەبو سەلام) گوتی؛ کاکە(غیر بالسرة)، منیش هەر وەڵامم نەدایەوە، دیتم کـاک سـاڵح مەولود کە خەڵکی هەولێر بوو لەسەر کونەکە بوو، لێی پرسیم کاک سەعدوڵڵا دەبێ من بەو جێگایەوە بچم؟ منیش گوتم بۆچی پێوە ناچی!، ئەوەندە گوێم نەدایە هیچ کەس کـاتی ئەوەم نەبوو هەست لەقـسـەی کـەس رابگرم چونکە بێ دوودڵی بڕیارم دابوو ئەگەر بشکوژرێم هەر رابکەم.

کونەکە لەسەرەتادا لەشێوەی بیر لێ درابوو بەقـووڵایی سێ مەتر، وەکو بیری لای خۆمان پێبڵقەیان بۆ کردبوو، منیش خۆم تێخست و زۆر بەئازایی دوو پێبڵقە چوومە خوارەوە، پاشان جۆنیانی خۆم فـڕێدا ناو بیرەکە تەپەم لێوەهات، لێرەوە تونێلەکە بەئاسۆیی دەستی پێدەکرد، دەبوایە بە گاگۆڵە بڕۆی، رووناکیش بوو چونکە کـارەبایان بۆ راکـێشـابوو، هەروەها بەتانیـان لێ راخسـتـبوو، بەپێی توانا رێکوپێکیـان دروست کـردبوو، ئەو قـووڵیـەش بۆ ئەوە بوو بەبن سێ بناغـاندا چووبوو، بناغـەی ژوورەکـە، بناغـەی دیواری شـوورەکـە لە هەردوولای ژوورەوەو دەرەوە.

به گاگۆڵە رۆیشتم تاکو گەیشتمە شوێنێک هەوراز بوومەوە، کە هەورازیش بوومەوە رووناکی نەما، هەر هەورازبوومەوە تا کاتێکم زانی سەرم لە کونەکە دەرچوو، کەسەیرم کرد کۆنە گەراجەکە بوو، زۆر تاریک بوو چونکە پێشتر شۆرتیان بە کارەبای دەرەوە کردبوو. پێش ئەوەی بچمە ناو بیرەکە کە لەژوورەکەدا بووم گوێم لێبوو گوتیان هەر کەسێ دەرچوو با رابکات، منیش کە دەرچووم دەستم بەراکردن کرد بۆ سەر ئەو جادەیەی بەپێش دەرگای بەندیخانەکە تێدەپەڕێ... ماوەیەک غارمدا هەر هێندەم زانی گەیشتمە دوو سێ پیاوان کە بەغاردان بەرەو لای من دەهاتن بە عەرەبی بەمنیان گوت؛ ئەوە چییە ئەو خەڵکە لێرە رادەکات؟ منیش گوتم نازانم... منیش هەر رام دەکرد، بەڵام ئەوان لەبەر تاریکی و لەبەر مشەوەشیی خۆیان ئاگایان لە من نەما، منیش بەخێرایی خۆم گەیاندە سەر جادە قیرەکەو دەستم بەرۆیشتنێکی مام ناوەندی کرد نەسەبرو نەخێراو چوومەسەر رەسیفەکە رۆیشتم.

پێنج شەش دەقیقەی پێچوو بوو بە هەڵڵا، پۆلیس بەغاردان بەتەنیشمدا تێپەڕین، بەڵام هیچ خۆیان لەمن نەگەیاند، ئەوەش هی ئەوە بوو من جلی کوردیم لەبەردابوو، زۆریش بەهێمنی دەڕۆیشتم، بڕیارم دابوو هیچ خۆم نەشێوێنم، کە لە من تێپەڕین فەرامۆشییەکم هاتەوە بەر.

من وادەڕۆم، نەشارەزام، بەڵام چەند جارێک بەو جادەیە بە بەندێتی منیان بردبوو بۆ نەخۆشخانەی حیللە.

گەیشتمە دوکانێک لەخاوەنەکەیم پرسی؛ گەراجی بەغدا لە کوێیە؟ گوتی دەبڕۆ سواری ئەو پاسە ببەو بە جابییەکە بڵێ لای گەراجی بەغدا بتهێننە خوارێ، منیش بە گورگە لۆقە خۆم



گەیاندە پاسەکەو، کە سوار بووم بەجابیەکەم گوت نەشارەزام لەلای گەراجی بەغدام دابەزێنە، کە گەیشتینە لای گەراجەکە گوتی کاکە ئەوە گەراجی بەغدایە، منیش هاتمە خوارەوە و زۆر بەئاسایی رۆیشتم، کەگەیشتمە دەرگای گەراجەکە پیاوێک لەوێ راوەستابوو گەراجەکە چۆڵ دیاربوو، بەپیاوەکەم گوت دەمەوێ بچمە بەغدا، ئەویش لەوەڵامدا گوتی؛ ئەمڕۆ شوفێرەکان مانیان گرتووەو هیچیان بۆ بەغدا ناڕۆن، منیش هەروام دەزانی لەجێگای دیکە ئۆتۆمبێل هەیە بڕوا بۆ بەغدا ، بەڵام بۆ هەر جێگایەک چووم نەبوو، گەڕامەوە لای پیاوەکە گوتی؛ کاکە لێرە لە یەک گەراج سەیارە بۆ بەغدا دەڕوا، منیش گوتم؛ من نەشارەزام ئەدی چ بکەم؟ گوتی؛ بەم جادەیەدا بڕۆ لەو فلکەیەی ئەولا تێپەڕە، ئەو پاسانەی لە نەجەف دێن خۆیان بانگ دەکەن بەغدا و سواری پاسێک ببەو بڕۆ.

کەمێک رۆیشتم دوو نائیب عەریفی کورد وەک دوو فریشتە بۆم پەیدابوون، کە گەیشتنە لای من چاکوخۆشییەکی زۆر گەرمیان لەگەڵدا کردم و گوتیان خێرە لێرەی، منیش گوتم بەسەردان هاتبووم بۆ حیللە، ئێستاش دەمەوێ بگەڕێمەوە بۆ بەغداو نەشارەزام... گوتیان دەفەرموو بەگەڵمان کەوە.

یەکێکیان پرسی: ئەوە بۆچی جلەکانت بە خۆڵە؟ منیش لەگەڵ خۆداوەشاندن گوتم ماندوو بووم لەولا لەسەر زەوی دانیشتبووم.. هەر رۆیشتین تاکو گەیشتینە فلکەکە، چەند هەنگاوێک رەتبووین بانگیان کردین، ئینزباتێکی عەسکەری و ئەمنێک و پۆلیسێکی مرور بوون، ئێمەش هەر سێکمان چووینە لایان و داوای هەویەیان لەمن کرد منیش دەفتەر خدمەکەم لەگیرفان بوو دامەدەستیان، تەماشایان کردو دایانەوە دەستم و

داوای لێبوردنیان کرد. یەکێک لە نائیب عەریفەکان پرسیاری لێکردن، ئەوانیش گوتیان بەندییەکان بەندیخانەیان شکاندووە، گوتمان نەوەک ئەوە یەکێک بێ لەوان.

ئەگەر ئەو فریشتانە نەبوونایە من گیرابووم، بەڵام هەر وایانزانی میوانی ئەو دوو نائیب عەریفە کوردەم.

نەختێکی دیکە رۆیشتین پێش ئەوەی بگەینە پاسەکان بە نائب عەریفەکانم گوت؛ من کوردم و ئێوەش کوردن، پێویستە شەرەفی کوردایەتی کار بکات، گوتیان فەرموو قسە بکە، گوتم؛ چیتان لێ بشارمەوە، بەخوا من یەکێکم لەو بەندییانەی رایان کردووە، ئێستاش ئێوە کەیفی خۆتانە من نەشارەزام، بێ ئەوەی هەست بەهیچ جۆرە مەترسییەک بکەن بەشێوەیەکی ئەوەندە پیاوانە وەڵامیان دامەوە ئەگەر کەسوکاری خۆشم بوونایە هەر ئاوها وەڵامیان دەدامەوە، گوتیان یاخوا راکردنەکەت پیرۆز بێ و بەسەرچاومان هاتی.

خۆ ئەگەر منیان لەگەڵ ئەواندا بگرتبووایە لەوانە بوو لەسێدارەیان بدابوونایە، کەچی بێ ترس منیان بردە لای پاسەکە و هەردوو لاروومەتیان ماچ کردم و دەرگای پاسەکەیان بۆ کردمەوە، هەروەها گوتیان لە کورسییەکانی پشت شوفێرەکە دابنیشە باشترە.

ئەوەی جێگای داخ بوو ناو و ئەدرەسم نەزانین، ئەو کەسەرەم هەر لە دڵ ماوە، بەڵام چی بکەم وەزعەکە لەوەدا نەبوو لەو کاتەدا پرسیاریان لێ بکەم ناویان چییە و خەڵکی کوێن؟

هەر سێ چوار دەقیقەیەکی پێ چوو پاسەکە پڕبوو و پارەیان لێ وەرگرتین هەریەکە(١١٠) فلس، کە پاسەکە بەڕێکەوت کاتژمێر نۆی شەوی٧/١١/١٩٦٧بوو، ئەگەر بڵێم باوەڕم



نەدەکرد لێم مەگرن، دەمگوت ئەوە منم بەو نەشارەزاییە وا خەریکە رزگار دەبم؟!

لەپێشەوەی پاسەکە ئەفسەرێکی یەک ئەستێرە لە تەنیشت شوفێرەکە دانیشتبوو، لە رێگا سەیارەیەکی پۆلیس راوەستابوو، ئەفسەرەکە لە شوفێرەکەی پرسی: ئەم سەیارەیە چییە لێرە وەستاوە؟ شوفێرەکە گوتی نازانم، ئەفسەرەکە گوتی؛ تازە لەناو پاس گوێم لێبوو گوایە ئەفسەر بەندیخانەیان کون کردووەو رایان کردووە، لەوانەیە لەبەر ئەوە لێرە وەستابن، بەڵام کەس پاسەکەی ئێمەی رانەگرت ، منیش خۆم بێ هەست کردبوو و لە جامی پاسەکەوە سەیری دەرەوەم دەکرد، هیچ لێی تێرنەدەبووم، چونکە پێنج شەش ساڵ بوو دوور بووم لە ژیانی ئازادی و لەنێوان چوار دیواران دەژیام، وام لێهاتبوو زۆر شتم لەبیر کردبوو، چونکە ئولفەتم بەبەندیخانەوە گرتبوو. تاریک بوو نەمدەزانی سەعات چەندە، بەڵام کابرای شوفێر رادیۆی کردبۆوە، لەرێگا بووین کاتژمێر لێیداو دەنگوباسی سەعات دەی شەوی خوێندەوە، ئەو کاتی فەرامۆشییەکم هاتەوەو گوتم زۆری نەماوە بگەینە شاری بەغدا.

کاتژمێر دەو نیوی شەو گەیشتینە بەغدا، لەگەراجی(علاوي الحلة) هاتمە خوارەوە وەک مەڕی گێژ وابووم، بەڵام لە جاران زیاتر هۆشم هێناوە بەر خۆم، گوتم زۆر مەخابنە لەبەغدا بگەڕێمەوە و بگیرێم.

ئەدرێسی ماڵی برادەرێکم پێبوو لەکاتی خۆی لەگەڵ ئێمە بەند بوو، ماڵیان لە(مدینة الثورة) بوو، هەڵسام تەکسییەکم

راگرت و مامەڵەم لەگەڵ کرد بە ٦٠٠ فلس پێک هاتین ئەگەر ماڵەکەم نەدۆزیەوە بم گەڕێنێتەوە شوێنی خۆم، کە گەیشتینە سەوورە ئەوەندە گەڕاین و سوڕاین ماڵەکەم پێ نەدۆزرایەوە، ناچار گوتمە شوفێرەکە بم گەڕێنەوە ناو بەغدا، لە ڕێگا دووجار هاتە سەر زارم بە شوفێرەکە بڵێم بم بە ماڵی خۆت لەبەندیخانە رام کردووە، بەڵام نەم گوت، کابرا موسڵاوی بوو منی گەڕاندەوە و لای ئوتێل شەهلا دابەزیم نزیک گۆڕەپانی رەسافی، تەماشام کرد سەعات ١٢ چارەکی دەوێ، کە چوومە ئوتێلەکە تەنها کاتبەکە لە خوارەوە بوو لە ئیدارە، منیش پرسیم ئەدی کاک...؟ گوتی وا لەسەرەوە نووستووە، منیش بێ ئەوەی کاتبەکە هیچ بڵێ بەئازایی بەسەرکەوتم، کە چووم کاک.... لەسەر بانی نووستبوو، وەک بەرخی تێرشیر پرخەی دەهات، خواردبوویەوە ئەوجا نوستبوو، سەربانی ئوتێلەکەش پری خەڵک بوو نوستبوون، ئەگەر چی مانگی(١١) ش بوو بەڵام بەغدا وەک لای ئێمە نییە هەر لەبانی دەنوستن، منیش بەهێواشی چوومە لای و یەک دوو جار بەناوی خۆی بانگم کرد، وەڵامی دامەوەو یەک پێ لەبەرم هەڵسا، ماچی کردم و بەگەرمی بەخێرهاتنی کردم، منیش گوتم چۆنی تێدەگەی من بۆ لێرەم؟ گوتی لەبەندیخانە راتکردووە؟ گوتم بەڵێ، ئەوجا دەبێ وابکەی ئەمشەو لە جێگایەکی باش بمحەوێنیەوەو بۆ بەیانی بم بەیە ماڵی پلکم، ماڵە پلکێکم لە بەغدا هەبوو، ئەو ماڵیانی پێ دەزانی، گوتی: دەترسم لە ئوتێل بت نوێنم ئێرە بپشکنن، گوتی خۆم ژووری تایبەتیم هەیە لەلایەکی دیکە، بەڵام یەکێکم لەگەڵە نەوەک بپرسێ ئەو پیاوە کێیە؟، گوتم باشە تەگبیر ؟ هەندێک بیری کردەوە، گوتی ئەوە دوو بەتانی و بالیفێک ، وەرە بەسەر



ئەم دیوارەدا ئاودیو ببەو بڕۆ لەسەر ئەو عیمارە بخەوە. عیمارەکە بەڕۆژ جێگای پزیشک و پارێزەران بوو و بەشەو داخرابوو، کە بیرم کردەوە باشترین تەگبیر بوو، ناخۆشییەکەی لەوەدا بوو ستارەکە زۆر بڵند بوو، بەڵام لە ناوەڕاستدا جێگایەک هەبوو پێی خۆم لەسەر داناو ئاودیو بووم، کە ئاودیو بووم جێگایەکی کش و مات بوو، لەسەر ئەو حاڵەش لەسەربانەکەش نەمام، دەرگای سەربانەکە کلیل نەدرابوو پاڵم پێوەنا کرایەوە، چووم لەپاڵ دەرگاکە لەلای ژوورەوە دانیشتم و پشتم بە دەرگایەکە دا، سەعاتێک لە عیمارەکە هەبوو هەموو سەرە سەعاتێک لێی دەدا، زۆر فەرامۆشیم پێی دەهاتەوە.

بەیانی بەهێواشی بەسەر دیوارەکە ئاودیو بووم بانگی کاک..... م کرد، گوتی بێ قەزابی زۆر زووە، نەختێکی دیکە بۆی راوەستام ئەوجا دووبارە بانگم کردەوەو هەڵم ستاند وا رێککەوتبوو ماڵی پلکم لەوێ نزیک بوو، ماڵیان لەگەڕەکی(فضل) بوو، کاک.... گوتی؛ لێرە بە من دەچم بۆ ماڵی پلکت و پێیان دەڵێم و پانتۆڵ و کراسێکت بۆ دەهێنم، گوتم باشە، ماوەیەکی پێچوو هاتەوەو کراس و پانتۆڵێکی هێنابوو، منیش بەخێرایی خۆم گۆڕی و شوێنی کەوتم، ئەو برادەرێکیشی لەگەڵدابوو، بەڵام برادەرەکەی نەیدەزانی من دوابەدوای ئەوان رێ دەکەوم، وای لە کوڕە پلکەکانم گەیاندبوو کە گەیشتینە ئەوێ ئەو سەلامێک دەکات و بەرێگای خۆیدا دەڕوا، کە گەیشتینە لای ماڵی پلکم ئەو سەلامی خۆی کردو رۆیشت.

کوڕە پلکەکانیشم خوا حەقە زۆر بەگەرمی پێشوازییان لێکردم و زۆر بەئازایی منیان بردە ژوورێ، جارێ هەر زوو

حەمامیان بۆ داخستم و کەرەستەی تراشیان بۆ هێنام، پاشان نانیان بۆ ئامادەکردم، بەڵام ئەو کاتی نەمتوانی پارووێکیش نان بخۆم چونکە شەو نەنوستبووم و مێشکم لەق ببوو، خەویشم لێ نەدەکەوت، بەڕاستی ئەوەندە بۆم باش بوون شەرمەزاریان کردم، ئەوەی پێی بڵێن ترس بەبیریاندا نەدەهات، تەنها پیرەژنەکەی پلکم نەبێ دەترسا دەیگوت ماڵە(ئەمن)ێک لەو گەڕەکە هەیە کوڕە پلکەکانیشم گاڵتەیان بەقسەکەی دەهات، ژوورێکیان لەسەرەوە هەبوو منیان بردە ئەو ژوورە.

بیرم کردەوە چۆن ماڵەوە ئاگادار بکەمەوە؟ گوتم چاکترین تەگبیر ئەوەیە پلکم لێرە هەر دەترسێ با ڕەوانی بکەمەوە خەبەریان بداتێ، پێم گوت پلە ئەوە پارە هەڵسە بڕۆ بۆ هەولێر، بەڵام چۆنت پێ دەڵێم ئاوها دەکەی، مشەوەشیان مەکە، زۆر بەهێمنی پێیان رابگەیەنە کە من لە ماڵی ئێوەم و رزگارم بووە.

پلکم کە گەیشتبووە هەولێر چووبووە لای کاکم لە دوکان، کاکم دواتر بۆی گێڕامەوە گوتی؛ پلکە جەمیلە گوتی کاک(نعمت الله) هەتا دەرگا وەرە ئیشێکم پێتە، منیش چوومە لای، پلکم گوتی سەعدوڵڵا لەبەندیخانەی حیللە رایکردووە لە ماڵی ئێمەیە هیچ خەمیشتان نەبێ، هەر بۆ ئەوەش منی بۆ لای ئێوە ناردووە. منیش پێم گوت؛ زۆر باشەو ناردمەوە ماڵێ.

کاکم گوتی سەعاتێکی پێ نەچوو پۆلیسێکی ناسیار هات گوتی مامۆستا مزگێنی کاک سەعدوڵڵا لەبەندیخانە رایکردووە، ماوەیەکی دیکەی پێچوو یەکێکی دیکەش هات ئەویش هەروای گوت؛ کاکم گوتی پێم گوتن ئاگاداری هیچ نیم. کە پلکە جەمیلە دەچێتە ماڵی ئێمە وا رێک دەکەوێ دایکی سامی لە ماڵی دراوسێیەک دەبێ، حەسیبە دەچێتە دوای، دایکی سامی بۆی



گێڕامەوە گوتی؛ کە حەسیبە خەبەری دامێ خۆشم نازانم چۆن گەیشتمەوە ماڵێ و کە چاوم بەپلکە جەمیلە کەوت و خەبەرەکەی دامێ دڵم لە خۆبووەوە،وادیارە زۆر ترسابوو، وای زانیبوو من شتێکم بەسەر هاتووە یان لەو راکردنە شتێکم بەسەر دێت. بەو شێوەیە پلکم دەنگوباسی راکردنی منی گەیاندبووە ماڵەوە.

## رۆژنامەی الأخلاص چۆن باسی راکردنەکەی کردبوو؟

من زۆر خەمی ئەوەم بوو بزانم پاش من ئەو برادەرانەی رایان کردبوو و ئەوانەی مابوونەوە چیان بەسەرهاتووە، پاش دوو سێ رۆژ رۆژنامەیەک هەبوو بەناوی«الاخلاص» زۆر بە دوور ودرێژی دەنگوباسی راکردنەکەی ئێمەی بڵاوکردبۆوە، ناوی راکردووەکانی نوسیبوو، هەروا چەند کەس رزگاری بووە چەند کەس گیراوەتەوە هەمووی نوسیبوو، وای دانابوو خۆڵی تونێلەکەیان لە جۆگەی مەجرای بەندیخانە کردبوو، پێم وایە راست بۆی چوو بوو، چونکە پێش راکردنمان لە بەندیخانە رۆژێک ئاوی مەجرایەکە گیرابوو، مدیری عام هاتبوو بۆ سەردانی بەندیخانە، برادەران داوایان لێکردبوو ئەو ئاوە پیسە بە ئامێرو تەنکەر فڕێبدرێ، ئەویش وەڵامی دابوونەوە گوتبووی خۆتان فڕێی بدەن، ئەوانیش زۆر لەو قسەیە تووڕە بوون، رێکخراوی بەندیخانە بە زووترین کات بەگشت بەندییەکانیان راگەیاند گەر مدیر عام هاتە قاوش و ژوورەکان کەس سەلامی لێ وەرنەگرێتەوەو کەس لەبەری هەڵنەستێ، هەر هێندەمان زانی گوتیان مدیر عام هات، کە هاتە ژوورەکەی ئێمە نە کەس لەبەری هەڵساوەو نە کەسیش سەلامی لێ وەرگرتەوەو بە ملشۆڕی گەڕایەوە.

بۆ بەیانی هەتا دەوام دانرا برادەران بە پەقرەجان هەموو ئاوە پیسەکەیان رەوانەی لای دائیرەی مدیرو بەندیخانە کرد، کارێکی گران بوو چونکە ئاوەکە گەلێک زۆر بوو، ناچار ئەوانیش بەملیان داهات بە بۆڕی ئاوەکە لابەن و بە تەنکەران



فڕێی بدەن.

رۆژانی بەر لە راکردنمان دائیرەی بەندیخانە زۆر مشەوەش بوو هەر بۆیەش مدیر عام هاتبوو، لەلایەکی دیکەشەوە کاک(کەمال کەماڵە) تیمسالی پیاوێکی رەشی کردبوو لەبەر دەرگای بەندیخانە وەستابوو و زۆر بەتوندی شیشەکانی دەرگای بەندیخانەی رادەهەژاند، حکومەت بەوە زۆر مشەوەش ببوو و زۆریان پێ ناخۆش بوو، مدیری ئەمنیش کە هات بەندییەکان نەیان هێشت بێتە ناو بەندیخانە، هەر لە دەرگای شوورەکە گەڕاندیانەوە، وەک بڵێی هەستیان بە شتێک کردبوو، بەڵام نەیاندەزانی چ هەیە، ئەو تیمسالەی کەمال کەماڵە زۆر مەسەلەکەی لێ ئاڵۆزکردبوون، وادیاربوو کاک کەمال دەستێکی باڵای هەبوو لەلێدانی کونەکە، دواتر بەدرێژی باسی ئەو برادەرە دەکەم.

کە رۆژنامەی«الاخلاص» م خوێندەوە بەڕاستی گەلێک دڵخۆش بووم، چونکە بەچاکی هەموو شتێکم بۆ روون بووەوە، وا دیاریش کەوت ٤٣ کەس رزگارمان ببوو، ئەوی دیکەش هەموویان گیراوبوونەوە، ئەو پیاوانەی بەغاردان گەیشتنە لای من لەکاتی راکردنەکەم، هەر ئەوان ئاشکرایان کردبوو، ئەگەر نا کەم کەس لە بەندیخانە دەما، هەر لە رۆژنامەکەدا دیاربوو کە حکومەت وایزانیبوو کەس لە شاری حیللە دەرنەچووەو هەر لەو شارە پەرت وبڵاو بوونەتەوە، چونکە زۆریان لەشار گرتبۆوە، ئەگەر جلە کوردییەکەو دوو عەریفە کوردەکە نەبوونایە منیش وەک ئەوانی دیکە دەگیرامەوە.

٧ رۆژ لە بەغدا مامەوە، لەو ماوەیەدا کاکم هاتە بەغداو، هەوڵێکی زۆری دا تاکو لە برادەرانی پارتی وەرەقەیەکی(عدم

تعرض)ی بۆ وەرگرتم (ئەو کات شۆڕشی کورد لەگەڵ حکومەتی عەبدولڕەحمان عارف لە گفتوگۆدا بوو).

لەگەڵ کاکم تەگبیرمان کرد سەیارەیەکی خسوسی بگرین و بەدریی خوشکم لەگەڵم سوار بێ، ئەو کاتە مامۆستا جەواد شێروانی لە بەغدا قوتابی بوو ئەویش گوتی لەگەڵت دێمەوە، بەم شێوەیە سەیارەیەکمان بەکرێ گرت و من و خوشکم لەدواوە سواربووین و مامۆستا جەوادیش لەپێشەوە، ئیشەکە بە ترس بوو بەڵام خوشکەکەم دەیگوت هیچ غەمت نەبێ، دەگەیشتینە هەر سەیتەرەیەک(اية الكرسي)یەکی دەخوێندەوە دەیگوت زاریان دەبەستم، بەڕاستیش ٩ سەیتەرەمان بڕی کەس بەمنی نەگوت هەویەت، کە گەیشتینە قوشتەپە لەوێ بە شوفێرەکەم گوت (کە کاکە حەمەی ناوبوو)؛ دایکم لە مورتکەیە (مورتکەی گەورە) بم گەیەنە ناو گوند، گوتی باشە، من چوومە مورتکەو ئەوانی دیکەش گەڕانەوە هەولێر، ئەو کات حکومەت دەستەڵاتی ئەوەی نەبوو بچێتە گوندەکان، نەشدەکرا بگەڕێمەوە هەولێر، چونکە بەهۆی راکردنم لە بەندیخانە ئەمر قەبزیم لەسەر بوو.

کە لە سەیارەکە هاتمە خوارێ پیاوانی گوند گشتیان لەلای مزگەوت دانیشتبوون منیش رێگاکەم بەلای ئەواندا بوو، کەگەیشتمە لایان سەلامم کرد کەس منی نەناسیەوە جگە لە حاجی قادر خالانی نەبێ گوتی؛ ئەوە کاک سەعدوڵڵا نییە، منیش گوتم بەڵێ خۆیەتی و داوام لێکردن کە منداڵێکم لەگەڵ بنێرن بۆ ماڵی مامۆستا عەزیزی مەلای رەش، دەچوومە ماڵی ئەوان و ماڵەکەم پێ نەدەزانییەوە، منداڵێکیان لەگەڵ ناردم.



خوا حەقە ماڵی مەلا عەزیز زۆر زۆر بەگەرمی پێشوازییان لێ کردم و گەلێک کەیف خۆش بوون، ئەو رۆژە بۆ ئێوارە زۆر خزمی گوند ئەوەی کە زانیبووی هاتنە لام، زیاتر دڵم بەوە خۆش بوو گەیشتمە ناوچەی رزگارکراو، بۆ بەیانی ماڵەوەمان گشتیان هاتنە لام، ئێستاش لەبەر چاومە کە لە سەیارە هاتنە خوارێ(حەسیبە، سامی، ماجید، وریا) زۆر بەخێرایی غاریان داو خۆیان خستە باوەشم، بەوەش ئازاری ئەو پێنج شەش ساڵەی بەندیخانەم لەبیرکرد، چونکە هەر چواریان دەیان ویست پێکەوە خۆیان بخەنە باوەشم و دنیایان لێ نوێ ببۆوە، وامان دەزانی هەموو دنیا هی ئێمەیە.

دوو سێ رۆژی پێچوو ماڵی مەلا عەزیز کوڕێکیان بوو لە ٢٧/١١/١٩٦٧ من ناوم لێنا زانا.

پاش ئەوەی ماوەی چەند رۆژێک لە ماڵی مەلا عەزیز ماینەوە، رۆژێک کاک خەلیل خالانی منی بردە گوندی بیستانە، چونکە بارەگای هێزی دەشتی هەولێر لە گوندی بیستانە بوو، گوتی بچینە لای کاک(فارس باوە) کە ئەو کات ئامیر هێزی دەشتی هەولێر بوو، کە چووین کاک فارس لەوێ نەبوو کاک سابیر شیخ جامیی جێگری لەوێ بوو، بەراستی بەشێوەیەکی وا پێشوازی لێکردم و رێزی لێنام کە لەبیر ناکرێ، گوتی؛ کاک سەعدوڵڵا ئەوە گشت کوردستان لە پێشتە، هەر جێگایەکی رزگارکراو بێت بەئارەزووی خۆت بکە، منیش گەلێک سوپاسم کرد.

ماوەی چەند رۆژێکی پێچوو، کاک خەلیل گوتی کاک فارس باوە هاتۆتەوە بابچینە لای، دووبارە چوینەوە گوندی بیستانە، کە چووین کاک فارس لەوێ بوو، کە چاوی پێم کەوت گوتی؛ تو

خوا ئەوە برایەکەی مامۆستا مەلا نیعمەت نییە؟ لەبەر دەرگاوە پێشوازیی لێکردم و بەپیرمەوە هات و زۆر بەگەرمی بەخێرهاتن و پیرۆزبایی لێکردم بۆ رزگاربوونم لەبەندیخانە، ئەویش گوتی هەر جێگایەکت پێخۆشە بفەرموو، منیش زۆر سوپاسم کرد.

بەڕاستی حەزم دەکرد بەردەوام بگەڕێم و بسوڕێم، رۆژێک کاک سلێمان مورتکەیی گوتی وەرە بە پیاسە بچینە گوندی لاجان، گوندەکە ئەوەندە دوور نەبوو، میوانی پیاوێکی زۆر باش بووین ناوی سمایل بوو، بەخێرایی مریشکیان بۆ کوشتینەوەو کردیانە زیافەت، پاشان گەڕاینەوە گوندی مورتکە.

بووە رەمەزان منیش زۆر حەزم دەکرد بۆ یەک شەویش بێ بەنهێنی بچمەوە هەولێر و چاوێکم بەماڵەکەم بکەوێتەوە، ئەگەرچی بێ ترسیش نەبوو، بەڵام گوتم هەر دەچم، ئێوارەیەک هەر نیو سەعات مابوو بۆ مەلا بانگدان کاک خەلیل منی سواری جێبەکەی خۆی کردو گەیاندمیە ماڵەوە، کارەکەمان بەتەگبیر بوو بۆیە دەرگای حەوشەیان پێوە نەدابوو، کە چوومە ژوورەوە دیاربوو دایکم و کاکم و ماڵەوە فتاریان دەکردەوە، منیش بێ یەک و دوو سەرکەوتم، چونکە ماڵی من لە ژووری سەرەوە بوو، کە بەسەرکەوتم منداڵەکان چاوەڕوانم بوون.

بۆ شەوێک هاتمەوە، کەچی بۆ بەیانییەکەی نەخۆش کەوتم و ١٩ رۆژان لەماڵەوە مامەوە بێ ئەوەی هیچ کەس بزانێ، خزم و برادەریش نەیان زانی، جیرانێکمان هەبوو بەناوی کاک ئیحسان مەولود من نەم دەناسی کاتی خۆی موزەمید بوو، ماڵەوە گوتیان کاک ئیحسان پیاوێکی زۆر باشە، هێنایانە لام، ئەویش لە بازاڕ دەرزی و دەرمانی بۆ هێنام... تاکو چاک بوومەوە تەداویی کردم، جێگایەکیشم ئامادە کردبوو بۆ خۆشاردنەوە.



کە باش چاک بوومەوە دووبارە کاک خەلیل منی گەیاندەوە گوندی مورتکە لای ماڵی مەلا عەزیز، چەند رۆژێکی دیکە مامەوە پاشان کاک عوسمان(عەریف عوسمان)م دیت کە لە گوندی پیرەر لەلای کۆیە سەرلق بوو، لەبەر ئەوەی پێشتر کاک عوسمانم دەناسی کە گەلێک پیاوێکی باش بوو و ئەوانەی لای ئەویش بوون هەموویان برادەر و چاوناس بوون، گوتم کاک عوسمان دێمە لای تۆ، گوتی فەرموو بەچاوان، بەگەڵیان کەوتم چوینە پیرەر، رۆژی یەکەم لەماڵی خۆی کە لەو گوندە بوو دەعوەتی کردم، پاشان چوومە بارەگا لەگەڵ پێشمەرگەکان مامەوە کە هەموویان برادەر و ناسیار بوون، بەتایبەتی کاک سلێمان مەلا خالید و کاک بارزان مەلا خالید.

ماوەی مانگێک لەوێ مامەوە، گوتیان دەتبەینە شاری کۆیە کە ماڵی خوشکمی لێبوو، منیش گوتم؛ کوڕە پیاوی چاک بن زۆر دەترسم، گوتیان مادام لەگەڵ ئێمەی کەس ناتوانێ تەماشات بکا، لەگەڵیان سواری جێبەکەی کاک سێلمان بووم و چوینە کۆیێ ماڵی مام تەهای پەنیرفرۆش کە کوڕی پلکیشم بوو و زاواشمان بوو، چەند سەعاتێک ماینەوە نانی نیوەڕۆمان خواردو پاشان گەڕاینەوە گوندی پیرەر بۆ بارەگاکەی خۆمان.

## بەپێ لە بناری هەولێرەوە بۆ گەڵاڵە

دواتر بەچاکم زانی بچمە گەڵاڵە، کاکیشم وای حەزدەکرد کە لەم بنارەی هەولێر نەبم، رۆژێکیان روخسەتم لەکاک عوسمان و برادەران خواست و گوتم ئاودیو دەبم، کاک عوسمان نامەی دامێ بۆ پیاوێک لە گەڵاڵە بۆ ئەوەی ئەگەر ئیشێک شتێکم هەبێ یارمەتیم بدا، پاشان رێوشوێنی ئاودیوبوونیان بۆ دانام و گوتیان برۆ تەکەور (کە نیوسەعات لەپیرەر دوور بوو) پەل-ێکیان لەوێ بوو سەر پەلەکە ناوی کاک قادر بوو، پێشمەرگەکانیش هەر ناسیار بوون، منیش دوعابوونم خواست و بەرێکەوتم.

کە گەیشتمە گوندی تەکەور، کاک قادر گەلێک رێزی لێنام و بۆ ئێوارە گیسکێکی بۆ کوشتمەوە، پاشان تەگبیری ئاودیوبوونی بۆ کردم کە لەگەڵ کاروانچییان بەرێ بکەوم، کاروانچیەکانیشی تێگەیاند کە دوو بەیانی دەرۆیشتن، لەگەڵ خۆیان ببەن، ئەو شەوە لەگەڵ برادەرە پێشمەرگەکان زۆر خۆشم بردەسەر، کاک یاسین جبە لەوێ بوو کە ناسیارو برادەرێکی کۆن بوو، هەر ئەو جارەش بوو کاک یاسین جبە (کەپیاوێکی زۆر رەشید بوو) پێی گوتم تۆڵەت بۆ دەکەمەوە و کامیان لە شایەدەکان دەڵێی دەیکوژم، من قبوڵم نەکرد گوتم؛ وەک دەڵێن حەواڵەی خوا بن باشترە، من نامەوێ کەس بەزمانی من بکوژرێ، ئەگەرچی ئەوانە غەدرێکی گەلێک گەورەیان لە من کرد بەڵام پێی ناوێ.

بۆ بەیانی لەبەر رۆژەکە دانیشتبووم دیتم دوو پێشمەرگەی چوست لایاندا لای من و چاکو چۆنییەکی گەرمیان لەگەڵ کردم، یەکێکیان منی دەناسی، بەڵام من نەمدەناسییەوە، ئەویان گوتی



کاک سەعدوڵڵا نایەی بچینە گەڵاڵە، منیش کە بیستبووم سەفەر لەگەڵ کاروانچییان زۆر ناخۆشە گوتم؛ مەمنونیش دەبم. دوعا بوونم لە کاک قادرو گشت برادەرو پێشمەرگەکان خواست و لەگەڵ ئەو دوو پێشمەرگەیە (ئەوەی منی دەناسی ناوی کاک جەمیل پیرداود بوو و ئەوی دیکەش ناوی رەحمان بوو خەڵکی چل هەویزە بوو) بەرێکەوتین، کاک جەمیل بە ئیشی هێزی دەشتی هەولێر ئاودیو دەبوو، دەستمان بە رۆیشتن کرد، بۆ ئێوارە گەیشتینە گوندی کرۆژ دیوەخانی تۆفیق ئاغای، کورەکانی لەوێ بوون خوا حەقە گەلێک بەخێرهاتنیان لێکردین، وا دیاربوو کاک جەمیل ناسیاریان بوو، ئەو شەوەمان لەوێ بردە سەر، من زۆر هەستم بەماندووبوون دەکرد ئەگەر چی هەر سێ سەعات رۆیشتبووین، هەر بیرم لەوە دەکردەوە چۆن ئەو رێگایە دوورەم پێ دەبردرێ؟!

بۆ بەیانی پاش نانخواردن بەرێ کەوتین، هەر کە لە رووبارەکەی کرۆژ پەڕینەوە باران دەستی پێکرد، بەڵام چ بارانێک وەک لوولەی مەسینە دەهاتە خوارێ، هەتا گەیشتینە چایخانەکەی(ئیزۆب یان هیزۆپ) ئاو لە سەرتاپای لەشمان دەهاتە خوارێ، ئەگەر چی نەدەبووایە ئێمە بە جێگایەکدا بچین کە پیاوانی حکومەتی لێ بێ، بەڵام کاک جەمیل گوێی نەدایێ و بەو بارانەش کەس بەکەس نەبوو، لە چایخانەکە نەختێک خۆمان وشک کردەوەو چایەکمان خواردەوە، ئۆتۆمبێلێک هات سەری داخرابوو، کاک جەمیل گوتی بەتەمای خوا سواری ئەو ئۆتۆمبێلە دەبین تا دەگەینە گردجان، کە لە گردجان هاتینە خوارێ هەر باران بوو، ئەو گوندە چایخانەیەکی گەورەی لێ بوو، بەخێرایی چوینە چایخانەکە، کەگەیشتینە ئەوێ هەموو ئەوانەی

لە چایخانەکە دانیشتبوون تەماشای ئێمەیان دەکرد، چونکە پێشمەرگەی چەکداربوین و لە بەرامبەر چایخانەکەش موسەفەحەیەکی عەسکەری وەستابوو، وا دیار بوو ئەوان ئاگایان لە ئێمە نەبوو. خەڵکەکەش گوتیان مەترسن ئەوانە هەر لەسەر جادە دەبن و بۆ هیچ لایەکی دیکە ناچن، ئێمەش بێ ترس خۆمان وشک کردەوەو نان و چامان خواردو پشوویەکی باشمان دا، کە ویستمان بڕۆین خەڵکەکە گوتیان بە پشت چایخانەکەدا بڕۆن ڕێگایەک لەوێ دەردەچێ. ئێمەش بە پارێز خۆمان بزرکردو گەیشتینە ڕێگاکە، بەڵام چ ڕێگایەک ! ڕێگای دەشتی بتوێن، ذوای ئەو بارانە توندە بەدەیان جار پێڵاومان لەپێ دەبۆوە، چونکە قوڕەکەی هەروەک حەریجەو لە سیکۆتێن خراپترە.

هەر ڕۆیشتێن ئێوارە گەیشتینە گوندی(کوردستان) کە گوندی ئەسکەندەراغا بوو، چووینە قۆناغی ئاغای، بەڵام دیار بوو خۆی لەماڵ نەبوو، پیاوێکی هەبوو ناوی عەلی بوو عەلی گاوریان پێ دەگوت زۆر پیاوانە ئێمەی وەرگرتەوە، من تەواو هیلاک ببووم، بۆ ئێوارە قبوولی ساوارێکی سەر بەپیازی سوورکراوەیان بۆ هێناین، لۆکسێکیان هەبوو، دایانگیرساندبوو، دەستمان کرد بەنان خواردن، کەهەڵساین دەستمان بشۆین، لۆکسەکە بەناوەندی دیواخانەکە هەڵواسرابوو، زۆریش نزم بوو، منیش لە ماندوێتی خۆم وەک گێژان بووم، بۆ سەری خۆم لە لۆکسەکە نەدا ؟! لۆکس کەوتە خوارەوەو بەردەکەی شکاو کیسەکەشی نەما، ئەوەندە شەرمەزار بووم هەر وەخت بوو بمرم، لەشەرمان زمانم تێک ئالا، کاک عەلی گوتی؛ هەی لەمنت نەکەوێ بۆچی وات لێهات لۆکس چییە، هەر ئێستا چاکی دەکەمەوە، دواتر گوتی؛ دوێنێ ئێوارە منیش وەک تۆ سەری خۆم لێداو پاشان



چاکم کردەوە، بەم قسانە هۆشم هاتەوە بەرخۆم، هەتا ئێمە دەستی خۆمان شوشت، کاک عەلی لۆکسەکەی چاک کردەوە، چونکە بەردی سپێرو کیسەی زیادیان هەبوو، کە دایگیرساندەوە دەستیکرد بەپێکەنێن و گوتی؛ هەر لەبەر تۆ و بۆ دڵدانەوەی تۆ گوتم دوێنێ منیش سەری خۆم لێداوە دەنا وا نەبوو.

ئەو شەوەمان لە گوندی کوردستان لە دیوەخانەکەی ئەسکەندەراغای بردەسەر، بۆ بەیانی گوتم کاک جەمیل پیاوی چاک بە من زۆر لاق و چۆکم دێشێ دەترسم نەتوانم بڕۆم، گوتی هەر گوێشی مەدەرێ کە گەرم داهات ئێشەکەی کەم دەبێتەوە، دەستمان کرد بەڕۆیشتن، نیوەڕۆ گەیشتینە گوندی(پاش قۆتەرە) قەبری هەباسی مامەنداغای لە نزیک گوندەکە بوو، چووینە سەر قەبرەکەی پڕی سەری پاکەتە جگەرەو چوکلێت بوو، کاک جەمیل گوتی لەسەر کەپکان لانادەین با قۆناغی نیوەڕۆمان گوندی قۆتەرە بێ باشترە، لەبەر ئەو سەرمایەو بەو زستانە هەنگاوێک زیاتر بڕۆیشتبووینایە باشتر بوو، کە گەیشتینە گوند چووینە ماڵێک دوو ژن دانیشتبوون پەتەیان دەپشکنیەوە، چەند ساڵ بوو هەباس ئاغا مردبوو هێشتا ژنیان هەر ڕەشپۆش بوون، سەلاممان کرد، ژنێکیان گوتی پیاومان لەماڵ نیە، کاک جەمیل گوتی خوشکە ئەرکمان سووکە نان و چایەک، پێشتر کاک جەمیل گوتی ماڵە مەلایەکی لێیە خواردنی باش دەدەنە میوانان، بەڵام بەمەرجێک میوانەکە نوێژکەر بێ، ئێمەش لەبەر ئەوەی هیچمان وانەبووین ناچاربووین میوانی ئەم ژنە هەژارە بێن و بەنانی تام چاڵ و دیشلەمە ڕازی بێن، من چونکە فێری ئەو جۆرە خواردنە نەببووم زۆر وەزعم پێ تێکچوو.

بووە پاش نیوەڕۆ، کاک جەمیل گوتی هەڵسن درەنگە بەڵکو

بۆ بانگی شێوان دەگەینە گوندی(پرینگان) ، من وەزعم زۆر خراپ بوو بەتایبەتی کە پشووم دەدا کەڵکی هیچم نەدەما ، ناچارم دەستم کرد بە ڕۆیشتن لەگەڵیان، بۆ ئێوارە کاتی رۆژئاوا گەیشتینە قۆناغەکەی مەلا عوسمانی پرینگانێ، کە گەیشتینە ئەوێ بۆ ماوەیەکی کەم دڵم لە خۆبۆوە، پاشان بەهۆش خۆم هاتمەوە، خەڵکەکە لێم کۆبوونەوە، هێنایان نەوت و خوێیان لەلاق و چۆکم دا بەڵام بێ سوود بوو.

دیوەخانەکە زۆر پڕبوو، شۆڕش (سەرۆک مەلا مستەفا بارزانی) مەسەرەفیان دەکێشا ، شەو بەفرێکی زۆر باری، مانگەشەویش بوو، خەڵکی گوند چوونە راوە سیخوڕ، خەڵکەکەی لە دیوەخانەکە بوون ئەوەندە بەزەوق و دڵخۆش بوون، منیش هەر ئەوەتە نوزەم دەهات، ماندوویێتیەکەم لەسنوور ترازابوو، هەر دەتگوت دووکەڵە شینکەم لە لووتی دێتە دەرێ، خەمی بەیانیشم بوو کە دەبووە سێیەم رۆژ لە ڕۆیشتن کە دەبووایە زۆر بە چاپووکی لە چیای زینوی ئەستێرۆکان ئاودیو ببین، ترسی ئەوەش هەبوو ببێتە بەفربارین ئەوکات نەمان دەتوانی بڕۆین، چونکە پێشتریش بەفرێکی گەلێک زۆری لێ کەوتبوو، بۆ بەیانی کاک جەمیل گوتی کاک سەعدوڵلا خوا کردوویەتی رۆژەکە خۆشە، دەبێ زۆر بەئازایی ئاودیو ببین و، ئەو ڕۆژەش دوا رۆژی ڕۆیشتنمانە بەپێ، ڕێگاکەش لەبەر بەفر کەڵکی ولاغی نییە، بۆیە دەبێ هیمەت بدەیە بەر خۆت و ئێمەش بەپێی تۆ دەڕۆین، باشە چی بکەم؟ خۆی بەچاوی خۆی دیتی ئێوارەی پێشتر دڵم لە خۆ بووەوە چاکیش دەیزانی چەند هیلاکم، بەڵام هیچ تەگبیری دیکەشی نەبوو، وەزعی ئەوانیشم تێکدابوو، ناچار دەستم بەرۆیشتن کرد، کە گەرم داهاتم باشتر



بووم،تا گەیشتینە بن چیاکە باش بووم، کەدەستمان پێکرد بەسەر چیا بکەوین هیچ تەمام بەخۆم نەمابوو، بەدەیان جار کەوتمە ناو بەفر، هەر دەمگوت ئێستا نا ئێستا هەڵدەدێرێم، رادیۆیەکی بچووکم پێ بوو وام دەزانی چیایەکم لەملدایە، کاتێک گەیشتینە سەر چیا شادەو ئیمانێکی بەحەقم هێنا، کاک جەمیل و کاک رەحمان دەستیان بە پێکەنین کردو گوتیان شانست هەبوو بەفر بباریبووایە دەرنەدەچووی.

من گوتم ئەوا بەسەر چیا کەوتم، شۆڕبوونەوە ئاسانە، نەمزانی چۆکەکانم نانوشتێنەوە، بۆیەش بۆ من گەلێک لە سەرکەوتنەکە ناخۆشتر بوو، بەڵام ترسی فەوتانی تێدا نەبوو، لەزۆر جێگا بە خشخشۆکە دەهاتمە خوارێ، تەبیعەتی ڕێگاکە ئاوهابوو هەر بەناو ڕێگا بوو.

ئەوەندەی نەمابوو بگەینە گوندی(وەرتێ) تووشی پیاوێک بووین کەرۆکەیەکی بچووکی پێبوو بارە دارێکی لێ بارکردبوو، کاک جەمیل ماندوونەبوونی لێکردو لێی پرسی خەڵکی گوندی؟ ئەویش گوتی بەڵێ، کاک جەمیل گوتی نیوەڕۆ میوانی تۆین، کابرا گوتی ئاخر پەزم لەچیایە، کاک جەمیل گوتی؛ ئەرکمان سووکە نان و چایەو گوێزمان دەوێ ، پیاوەکە سەلماندی و گوتی کەوا بێ زۆر باشە، لەگەڵ کابرادا چووینەوە ماڵەوەو خێزانەکەی ماڵی ئاوابێ و رووی سپی بێ سۆبەیەکی بەداری وای داگیرساندبوو زۆر زوو گەرم بووینەوە، چەندی کردم نەمتوانی گۆریەکانم لەپێ بکەمەوە تا وشکیان بکەمەوە، کاک جەمیل لەپێی کردمەوە، ماڵەکە کچۆڵەیەکی ژیکەلەیان هەبوو یەک دوو ساڵان بوو، ئەوەندە خوردەی لەگیرفانمان بوو دامانێ.

ماوەی سێ سەعاتمان مابوو بگەینە پردی زەرد سەر جادەی

قیرِ کە ناوچەی رزگارکراو بوو. کە گوتیان بڕۆین چەندی کردم لاقم بەزەوییەوە نەدەنووسا، ناچار کاک جەمیل ناردی هێستریکیان بۆ گرتم بەیەک دینار و خاوەنی هێسترەکە لەگەڵمان هات، ئەگەر چی من پێشتر سواری ولاغ ببووم، بەڵام لەسەر ئەو هێسترە خۆم بەباشی رادەنەگرت، کەگەیشتینە پردی زەرد خوا کاریان راست بێنێ بە باوەش هێنامیانە خوارەوە، لە چایخانەکە دانیشتین و پاش پشودانێکی باش سواری ئۆتۆمبێل بووین و چووینە گەلاڵە، لەوێ یەکترمان ماچ کردو لێک دابڕاین، چونکە ئەوان کاری تایبەتییان هەبوو.

منیش چوومە دەرمانخانەکەی گەلاڵەو هەندێک حەبم کڕی، پاشان چوومە ئوتێل و شەوێکی زۆر ناخۆشم بردەسەر، بۆ بەیانی بە لاکەلاک هاتمە دەرەوە، بیستبووم کە(جبار مال الله) کەیەکێک بوو لە بەندییەکان گەیشتۆتە ناوپردان و لەنەخۆشخانەکەی ناوپردان ئیش دەکات، کاک جەبار موزەمیدێکی زۆر زانابوو و هێندەی دە دکتۆرانی دەزانی.

سواری جێبێک بووم چوومە ناوپردان، کە گەیشتمە نەخۆشخانەکەو(جەبار) چاوی بەمن کەوت هەر وەخت بوو لەخۆشییان خەنی بێت، چونکە هیچ کەسی نەدەناسی و عەرەب بوو، هەر پێم شاگەشکەبوو، کە دیتی من ئاوها شپرزە بوومە هێنای بە لەفافی باندج بۆی پێچامەوە. هەر ئەو کاتی هەستم پێکرد باشترم بۆ نیوەڕۆ لەلای مامەوە پاشان گەڕامەوە گەلاڵە، گەلێک گوتی لای من بە، پێم گوت دەچم بەڵکو جێگاو ڕێگایەک پەیدا دەکەم و منداڵەکانم دەهێنمە لای خۆم.

بۆ بەیانی سواری جێبێک بووم و چوومە گوندی(پاشکۆز) ماڵی حەمەد ئاغای مێرگەسۆر لەوێ بوو، فاخیرم دەناسی لەگەڵ



جەوهەریش پێکەوە لە نوگرەسەلمان بەند بووین پاشان ئەو زوو بەربوو، کەگەیشتمە پاشکۆز خوا هەڵناگرێ حەمەدئاغا ئەوپەڕی بەخێرهاتنی کردم، بەڵام فاخیر فاخیری جاران نەبوو، جەوهەریش مەشغول بوو، مام حەمەداغا ئیزنی نەدام بۆ ماوەی ٧ رۆژان لەوێ مامەوە تاکو وەزعم باشتر بوو، رۆژێکیان بیستم(زراری مام رەحمان) لە گوندی بەرسرینە، بە حەمەد ئاغام گوت دەچم سەرێکی لێدەدەم، گوتی باشە، بەفر دەباری، هەڵسام و ملی رێگام گرت بەپێیان لە پاشکۆزەوە بۆ بەرسیرین، فێرە رۆیشتن ببووم، وەختێک گەیشتمە گوندی بەرسیرین، چایخانەیەکی لێ بوو، کەمێک لە چایخانەکە دانیشتم و لەدوای کاک زرارم نارد، کە هات گەلێک یەکترمان ماچ کردو بۆ ئێوارە هەر لەبارەگای خۆیان زیافەتیان بۆ کردم جگە لە زرار، برادەری دیکەشی لێبوو کە منیان دەناسی.

بۆ بەیانی کاک زرار گوتی وەرە ئێرە خانوێکت بۆ پەیدادەکەم ئەو کاتە دەتوانی منداڵەکانیشت بهێنیە لای خۆت، منیش گوتم ئەوەی راستی بێت من پێش ئەوەی بەند بکرێم وازم لە حزبایەتی هێنابوو، ئێوەش لێرە حزبایەتی دەکەن، دەترسم برادەران تەکلیفم بکەن بۆ حزبایەتی، گوتم من بەدەست و هۆشی خۆم خۆم لەبەندیخانە رزگارکردووە، جەماعەتی ناو کێلەکانیش کە سەربە(قیادەی مەرکەزی) بوون هەوڵی ئەوەیان دا بچم لەگەڵ ئەوان ئیش بکەم، بەڵام من بڕیارم داوە لەگەڵ هیچ لایەک حزبایەتی ناکەم.

کاک زرار بە برادەرانی گوتبوو ئەوانیش زۆریان پێخۆش بوو، چونکە گومانی ئەوەیان لێدەکردم بچمە ناو کێلەکان کە ناسیاری زۆریشم لەوێ هەبوو، بەڵام پاشان بۆم دەرکەوت کەسیان وەک

کاک زرار ڕەحمان و کاک حاجی مەلا سەعید ڕەواندزی نەبوون، لەبرای پشتی بۆ من باشتر بوون، هەروا ئەبو حیکمەتیش زۆر یاریدەی دام.



**له کادینێکی دوو به سێ به ئازادی دەژیاین**

بۆ بەیانی گەڕامەوە(پاشکۆز) شەوێ لای مام حەمەدئاغا مامەوە و پێم گوت دەچمە بەرسیرین، گوتی ئێرەماڵی خۆتە، گوتم ڕاستە بەڵام وا حەز دەکەم بەڵکو لەوێ جێوڕێیەکیش بۆ منداڵەکانم پەیدادەکەم و دەیانهێنمە لای خۆم، کە وام گوت گوتی زۆر باشە، زۆر سوپاسم کردو هاتمەوە گوندی بەرسیرین، گوێم لێ نییە فێرە ڕۆیشن بوومە، کاک زرارو برادەران بۆیان هەوڵدام و کادینێکیان بۆ دۆزیمەوە، هەر دوو بە سێ دەبوو، گەلێک بچووک بوو، کاشی تێدابوو، ناچار کایەکەمان لێ بەتاڵ کردو دەرمان کێچمان لەناو سوتاندو بە چاکی خاوێنمان کردەوە، ئەوجا ناردم منداڵەکانم هاتنە لام، هەر چەندە زستان بوو و خانووەکەش بچووک و ناخۆش بوو، بەڵام پاش پێنج شەش ساڵ لەبەندیخانە بکەومە ئەو ئازادییە دەبێ چ ژیانێکی خۆش بووبێ، پێم وایە لەهەموو تەمەنمدا ئەو ماوەیەم خۆش ڕابوارد کە لەو سەرەوەیە مامەوە.

ماوەیەک هەندێک کەس دەیان ویست قسەو قسەلۆکم بۆ هەڵبەستن، گوایە تەئیدی جامەعەتی قیادەی مەرکەزی دەکەم. پاشان ڕۆژێک نامەیەکم لەوانەوە بۆ هات تیایدا داوایان کردبوو تەنها سەردانێکیان بکەم لە ناوکێلەکان. نامەکەم بۆیان ناردنەوەو گوتم نایەم، کە برادەرانی بەرسرین ئەوەیان زانی گومانیان نەما کە من لەگەڵ هیچ لایەک نیم و حزبایەتی ناکەم، تەنها کوردم و هەر کوردایەتیم پێ خۆش بوو، پاشان (مەلا نەفتە) خۆی بۆی باس کردم و گوتی؛ کە لە بەندیخانە ڕات

کردبوو و له گوندی مورتکه بووی، من دوو ڕۆژ به نهێنی له
مورتکه بووم و موراقەبەی تۆم دەکرد بزانم خەریکی چیی؟
ئەوەیە دەڵێن ئاش لە خەیاڵێک و ئاشەوان لە خەیاڵێک.

ئیش وکاری ئیداریم وەرگرت و بوومە مامۆستای شۆڕش، مانگانە سێ دیناریان دەدامێ، توانیم تارادەیەک هەندێک برادەر فێری خوێندەواری بکەم. هەروەها لەگەڵ پیاوێک بەناوی (لەتیف) ئازووقەشمان دابەش دەکرد، زۆرباش بوو، لە ماڵەوەش کاکم شتی بۆمان دەناردو چێن چێن دەهاتنە سەردانمان، تا وای لێهات بەهار داهات و یادی نەورۆز کرایەوە، لەگەڵ هەندێک لە برادەران چووینە سەر ئاوی دەنگارە لەبن چیای هەندرێن بەرامبەر بەرزێوە هەندێک تەماتەو باینجانمان لە گوندی میراجیان چاندو چوینە کەپران.

ئاوی دەنگارە بەفراوەو لەچیای هەندرێنەوە دێتە خوارێ، بەڵام چ ئاوێکە شەکراوی چی و حاڵی چی!

ماوەیەکی پێچوو دەیان ویست کاکم بگرن، باش بوو خۆی نەدا دەست و ئەویش هاتە لامان، بەڵام دایکم لە ماڵەوە مابوو. محەمەدو ئەحمەدی کاکیشم بۆ ماوەیەک لەلامان بوون، بەهاران ئەو جێگا خۆشانە مرۆڤ لێی تێر نابێ هەمووی گوڵ و گوڵزاری سروشتییە، جریوە جریوی بولبول و قاسپەی کەو و خوێندنی زۆر جۆرە مەلی دیکە خۆشترین ئاوازی لێ دروست دەبێ. بۆ نیوەڕۆ دەچووینە ناو مێرگێک و نانمان دەخوارد، وابزانم لە ژیاندا هیچ شتێک لە ئازادی خۆشتر نییە، ئێمەش ئازاد بووین.



## کودەتای ١٩٦٨ و لێبوردنی گشتی

ڕۆژێک دانی بەیانی بوو، هەر ئەوەندەم زانی (کاک کانەبی) کە یەکێک بوو لە پێشمەرگەکانی (بەرزێوە) بە دەنگێکی زۆر بەرز بانگی کردم: «هۆ کاک سەعدوڵڵا رادیۆی بکەوە شۆڕشە»، منیش لەگەڵ کاکم زۆر بە ئازایی رادیۆمان کردەوە، بەڵێ کودەتای ١٧ی تەموزی ١٩٦٨بوو و بەیانات دەخوێنرایەوە.

چەند ڕۆژێکی پێچوو کاکم بێ ترس گەڕایەوە هەولێر و ئێمەش ماینەوە، تا ڕۆژی ١٩٦٨/٩/٥ بڕیاری لێبوردنی گشت بەندییە سیاسییەکان دەرچوو، واتە (العفوالعام عن کافة السجناء السیاسیین)، پاش ئەم بڕیارە کاکم لە کاربەدەستانی حکومەتی پرسی بوو ئەم لێبوردنە منیش دەگریتەوە(چونکە من لە بەندیخانە رام کردبوو)، گوتبوویان بەڵێ دەیگرێتەوە.

منیش چوومە لای برادەرە بەرپرسەکان و پێم گوتن من لەبەر ئەوەی پێنج شەش ساڵ لە بەندیخانە بووم پێویستیم بەوە هەیە بگەڕێمەوە هەولێر و لەگەڵ کەسوکارو خێزانم ژیان ببەمە سەر، خوا حەقە ئەوانیش گوتیان تۆ لە ژیان زۆر ماندوو بووی، چۆنت پێ باشە وابکە.

ڕۆژێک بزگورەکانمان تێک ناو هاتینەوە هەولێر.... بۆ بەیانی چوومە لای کاربەدەستانی حکومەت گوتم من لە ١٩٦٧/١١/٧ لە بەندیخانەی حیللە رام کردووە ئەوکاتە عەبدولرەحمان عارف لەسەر حوکم بوو، ئێستاش ئێوە شۆڕشتان کردووەو لێبوردنتان بۆ گشت بەندییە سیاسییەکان دەرکردووە،

گوتیان بەڵێ تۆش وەک ئەوان ئازادی.

چەند رۆژێک مامەوە، هەستم کرد وەزعەکەم بەدڵ نەبوو، وەک بڵێی دووبارە لەو کەسانە دەترسام کە بەناحەق شایەدیان لەسەر دابووم.

پیاوێک لە بەغدا دوکاندار بوو برادەری کاکم بوو، دوکانی سەعات فرۆشتنی هەبوو، بە کاکمی گوتبوو با کاک سەعدوڵلا بێتە لای من لە بەغدا دوکانەکەم بۆ بەڕێوەببات من ئیشی دیکەم هەیە، منیش زۆرم پێ خۆش بوو و گوتم ماوەیەک دەچمە بەغداو لەبەر چاوان بزر دەبم.

چوومە بەغداو دوکانەکەی تەسلیم کردم، منیش لەو خانووەی کاک عەلی نادر بەکرێی گرتبوو، ژوورێکی بەتاڵی لێ بوو، ژوورەکەم مانگی بە ١٠دینار بەکرێ گرت، هەندێک پێویستیم بۆ منداڵەکانم لەگەڵ خۆم برد، بە مووچەی ٣٠ دینار و بەهەندێک یاریدەدانی کاکم بەچاکی بەڕێوە دەچووین، دەتوانم بڵێم تا رادەیەکیش خۆش بوو، چ بیر لەوە بکەمەوە کە داوم بۆ دانراوەتەوە!



## تۆڕێکی ئیرهابیی سەر بە جوولەکە یان .....؟!

رۆژی ١٩٦٩/١/٢٠ برادەرێکی زۆر خۆشەویستم هەبوو (کاک ئەحمەد مەولود) لە هەولێرەوە هاتبوو بۆ بەغدا، منیش لەگەڵ کاک عەلی نادرو چەند برادەرێکی دیکە دەعوەتم کرد، وا دیاربوو کە ئێمە لە بازاڕ دەسوڕاینەوە ئەوان هەر لە دوامان بوینە بۆ ئەوەی بزانن کەی دەگەڕێینەوە ماڵەوە، کاک عەلی نادر ئەوکات لە بانقی مەرکەزی کاری دەکرد، چوین سەرێکمان لەویش داو گەڕاینەوە ماڵەوە.

پاش نان خواردن، زۆر بەخۆشی دانیشتبووین گفتوگۆمان دەکرد، خۆمان تەنها کردبوو، هەر ئەوەندەمان زانی مەفرەزەیەکی ئیستخبارات بەسەری دادان، بەرپرسەکەیان کە ناوی سادق عەزاوی بوو کاتی خۆی لە هەولێر ئەفسەر بوو و هەر برادەری ئاغایەکان بوو، یەکێکیشیان لەگەڵ بوو دەمامکی خۆی دابوو، بەڵام بۆمان دەرکەوت کە (کەریم رەئوف)ـە، ئەویش پیاوی سادق عەزاوی بوو. پیاوێک کە ناوی حەسەن بوو لە بانکی مەرکەزی کاری دەکرد بە تۆبزی لەگەڵ خۆیان هێنابوویان ماڵەکەیان نیشان بدا، هەر ئەوەندەمان زانی لێمان بەژوورکەوتن و دەوروپشتی ماڵەکەیان گرتبوو، زۆر وەحشیانە ئێمەیان گرت و هەرچی لەوێش بوو و هەرچی بەشەقامەکەشدا هات هەر گرتیان.

بە هەموومان بووینە ١٤کەس، ئێمە هەر هەشتمان لەیەک فۆکسواگن- یان پەستاین، لەرێگا گوتم وابزانم کۆتاییمانەو دەمان کوژن. بەم شێوەیە ئێمەیان بردە وەزارەتی دیفاع بەشی

ئیستخبارات، سادق عەزاوی پشتی چاکەتەکەمی گرت و بردمیە بەردەم کابرایەکی لەخۆی گەورەتر، پێی گوت: «ابو رعد جبتە» ئەویش گوتی (ودیە) هەر ئەو وەدیە بوو، لە دەرگای ژوورەکە سادق عزاوی بە هەموو هێزی خۆی زللەیەکی لەبن گوێم دا، خۆی وەک فڕفڕۆکە لەگەڵیدا سوڕا، پاشان بەشەق و شولاق منیان بردە ژوورێک، هەروەها کاک ئەحمەد مەولود وکاک عەلی نادریش بۆ ژوورێکی دیکە، هێنایان هەردوو دەستیان لەپشتەوە بەستام، پاشان زۆر بەتوندی چاوەکانیان بەستامەوە، ئەوجا بەچەند کەسێک بەکێبڵ لێیان دام، بەڵام چ لێدانێک هەموو لەشیان ورد کردم، دەیان گوت ئەحمەد مەولود دەڵێ نارنجۆکم لە هەولێر هێناوە لەگەڵ سەعدوڵڵا ئۆتۆمبێلمان پێ تەقاندۆتەوە، منیش دەمگوت وانییە با کاک ئەحمەد بێ لەپێش من وا بڵێ، بەشێوەیەکی دیکە بە کاک ئەحمەدیان دەگوت سەعدوڵڵا وا دەڵێت، هەروەها بە کاک عەلی نادر بەشێوەیەکی دیکە، تا وای لێهات پێم وابوو کۆتاییم پێ دەهێنن و دەم کوژن. بە زمانی سوتام گوتم ئای چاوم تەقی، هێنایان بەدوو کەس هەر یەکە لەلایەک رایاندەکێشا، وایان لێکردم گوتم چاوەکانم رۆیشتن، پاشان دەمانچەیان لێ سوارکردم گوتیان ئەگەر پێ لێ نەنێیت دەتکوژین، منیش سینگم بۆ بردنە پێش گوتم خۆزگە بتانکوشتبوومایە، پێ لەچی بنێم؟ ئەوەی ئێوە دەیلێین هیچ ئەسڵ و ئەساسێکی نییە، بێخێریان کردم، هەموو لەشم خوێن و ئارەقە بوو، چاوەکانیشم بەتەقین لەقەڵەم دابوو، خۆم بێهۆش کرد، ئەگەرچی ئاگاشم لەخۆم مابوو، دەیان هێنا ئاوی ساردیان پێدا دەکردم، بەڵام رانەدەجفریم، وای لێهات بۆ ماوەی پێنج شەش دەقیقە وازیان لێ هێنام، کە هەستم راگرت لە ژوورەکانی



دیکەش دەنگی هاوارهاواری خەڵکەکە نەما، نەختێکی دیکەی پێچوو، هەستم کرد یەکێک بەرەولای من دێ، منیش نووزەیەکم لەخۆم هێنا، گوتی: (یاالله گوم)، منی هەڵساندەوەو پەلی گرتم و رایکێشام بەدوای خۆی بردمی لە تارمەکە فڕێیدام، هەر ئەوەندەم زانی یەکێک دارێکی لە تەپڵی سەرم داو گوتی: (اگعد زین) نەختێکی دیکەشی پێچوو، رایان کێشام و بردمیانە ژوورێک گوایە لێکۆڵینەوەم لەگەڵ دەکەن، هەندێک پرسیاریان لێکردم و وەڵامم دانەوە، گوتم هیچ پەیوەندیم بەو شتانەوە نییە کە باسی دەکەن.

دوو سێ خەتیان نووسی و چاویان کردمەوە، هەرچەندم کرد چاوم فڕی نەدەدیت، دەیان گوت ئیفادەکەت بخوێنەوە، منیش گوتم چ چاوم ماوە ئیفادە بخوێنمەوە؟

سەدی سەد ئەوانەی لێیان دام هەر ئەوانیش لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ کردم، لەسەر ئەوحاڵەش دەیان گوت: «مع الأسف منو بسطک نحن عقایدین مانضرب احد»، وایان دەزانی بەو قسە قۆڕانە منداڵ هەڵدەخەڵەتێنن، من هەر ئەوەندەم گوت: بەداخەوە مرۆڤی بێ تاوان ئاوها مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ.

وا دیاربوو من دوا کەس بووم لێکۆڵینەوەم لەگەڵ بکەن، کە منیان لە ژوورەکە هێنا دەرەوە ئەوانیان ریز کردبوو و چاوەڕوانی منیان دەکرد، هەر من و کاک ئەحمەد مەولودو کاک عەلی نادر لێدانمان خواردبوو.

کاتژمێر یەکی شەو ئێمەیان سواری پیکابێک کردو، رەوانەی ئەمنی عامیان کردین، لەوێ هەر لە دوورەوە زابت خەفەرەکە بەمنی گوت؛ ئەوە بۆچی سەرو چاوت بەم شێوەیە ئەستور بووە؟ ددانت دێشێ؟ منیش وەڵامم نەدایەوە چونکە ئەو چاک دەیزانی

ئێمە چیمان پێ کراوە. ئیتر ناویان نووسین و ڕەوانەی گرتووخانەی ئەمنی عامیان کردین، کە چوینە ژوورەوە جێگای هیچ نەبوو، دەلاقەی ژوورەکانیان بەکرێ دابووە جوولەکە گیراوەکان شەوی بە دوو دینار، چونکە ئەو بەندییە ئاساییانەی لەوێ بوون خۆیان فەرز کردبوو، ئێمەش کە تەماشامان کرد ژوورێکی بچوک و خاوێن پڕ لە پیاوی لەسەرەخۆو گەنجی ڕوو خۆش، ئەوانیش کە تەماشای ئێمەیان کرد زانیان ئێمەش قەزیەکەمان سیاسییە، ئێمەیان تەداوی کردو جێگای خۆیان داینێ خۆشیان تا بەیانی لەسەر پێ وەستان.

من لەسەر ئەو حاڵەش گورچیلەکانم دەهێشان و چەندی بڵێی وەزعم خراپ بوو، لەلایەکی دیکەشەوە یەک دوو ڕۆژ ماڵەکەمیان ئابڵووقە دابوو، چەند جاریش چووبون پشکنیبوویانەوە، باش بوو هەندێک وێنەم هەبوو لەکاتی پێشمەرگایەتی لەسەرەوە سوتێنرابوون. پاشان لە ئەمنیش لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ کردین، هەرچی دەچوو و دەهاتەوە دەی گوت لێدان نەبوو.

شەوێکیان نۆبەی لێکۆڵینەوە لەگەڵ من هات، کە چووم هاوار هاواری ئەو کەسانەی لەژێر ئەشکەنجە بوون دەگەیشتە کەشکەلانی فەلەک، منیش گوتم ئەوجارە ئیشم تەواوە هەر دەمکوژن، نەختێکی پێچوو ئەفسەرە ئەمنەکە کە ناوی لەتیف بوو ڕائد بوو، بانگی کردم، گوتی تۆ کاتی خۆی لە بەندیخانە ڕات کردووە ئێستا هەر دەتکوژم، لەم قسانەدا بوو لە ماڵەوە تەلەفۆنیان بۆ کردو خەبەریان داییێ کە کچە بچووکەکەی سوتاوە، خوا کردی لەبەر مشەوەشی خۆی ئاگای لەمن نەما، هەر دوو سێ خەتی لەسەریەک نووسی و گوتی بیبەنەوە گرتووخانە، کاک



ئەحمەدو کاک عەلی و برادەرانی دیکە خەنی بوون، فەقیرانە لەسەر حاڵی خۆیان خەمی منیان بوو.

پاشان بۆمان دەرکەوت دەیان ویست بەداوێکی ئاوهامانەوە بکەن لێی ڕزگار نەبین، ئەوکاتەی ئێمەیان گرت هەندێک سەیارە تەقاندرابۆوە، دەگوترا ئەوە شەبەکەیەکی جولەکانە، دەیان ویست بەسەر ئێمەدا ساغی بکەنەوە، لەڕۆژنامەش بڵاویان کردبۆوە گوایە شەبەکەیەکی سەر بە جولەکەیان گرتووە، بەڵام لەبەر سەلامەتیی لێکۆڵینەوە ناوەکان بڵاو ناکەنەوە (کەر لەکوێ کەوتووەو کوندە لەکوێ دڕاوە!).

زۆر جار ناحەق سەرناگرێت، ئێمەش ئەوەندە بە ناحەق و غەدر گیرابووین خواکردی نەیان فەوتاندین، هەرچەندە زۆرجاریش ڕوودەدا کەسی بێ تاوان ئاو و ئاو چووە.

ماوەی چەند ڕۆژێک ئێمەیان لە گرتووخانەی ئەمنی عام هێشتەوە، هەروەکو ڕۆژی حەشر بوو، ئەگەر لەبەر ئەو لاوە مەردانەی باسم کرد نەبووایە ئێمە هەر فەوتابووین، بەتایبەتی ئەو سێ کەسەمان، چونکە جێگای ساغمان لەلەشدا نەمابوو نەیهەنجنن.

## لەگەڵ سەرۆک وەزیران و وەزیرەکانیدا

ڕۆژێک ناویان بانگ کردین و بۆ گرتووخانەی فەزیلیەیان ناردین، یادی ئەو گرتووخانەیە بەخێر نەبێت، پێشتر زانیبوومان (تاهیر یەحیا)ی کۆنە سەرەک وەزیران و گشت وەزیرەکانی لەوێ بەندن، منیش هەر لە دەرگای گرتووخانەی فەزیلیە لە پۆلیسێکم پرسی؛ ڕاستە تاهیر یەحیاو وەزیرەکان لێرە بەندن؟ کابرای پۆلیس گوتی وس بە وا مەڵێ. کە دەرگایان کردەوەو چووینە ژوورەوە تەماشامان کرد هەموویان لەوێ بوون، مەفرەزەیەکی ئەمنیش لەناو بەندیخانە داندرابوو، هەروا زۆرکەسی دیکەی خاوەن بیروبڕوای جۆراوجۆری لێ بەند بوو.

ئێمەیان بردە ژوورێکی گەورەو دەرگایان لەسەر داخستین، ئێمەش تەماشامان کرد وەزعەکە وابوو دەبووایە بێدەنگ بین و تێکەڵ هیچ کەس نەبین، پاشان وای لێهات دەرگایان لێ کردنیەوەو دەهاتینە حەوشەکە.

دیدەنی (مواجەهە) بۆ ئێمە قەدەغە بوو، بەڵام وەزیرەکان هەموو ڕۆژێک کەسوکاریان دەهاتن بۆ لایان و باشترین خواردنیان بۆ دەهێنان، بەڵام ئێمە بە بیست و چوار سەعات یەک سەموونی ڕەق و هەندێک مەرەگەی وامان دەدرایێ کەس نەیدەتوانی بیخوا، ڕۆژێکیان مدیری بەندیخانە هاتە لامان و پێمان گوت خواردنەکەمان ناخورێت، بە گاڵتەپێکردنێکەوە گوتی باشە دەنێرم لەچێشتخانە خواردنتان بۆ بێت!

ئەگەر چی لە وەزعێکی نالەبار دەژیاین، بەڵام لەسەر



ئەوحاڵەش گوێی خۆمان نەدەدایێ، کە تەندروستیمان باشتر بوو کاتی خۆمان بە گاڵتەو قسەی خۆش و خەون گێڕانەوەو... بەسەر دەبرد، سێ معاون پۆلیس هەبوون بە نۆبەت دەبوونە زابت خەفەر، دوانیان زۆرباش بوون، یەکێکیان ناوی (جاراللە)بوو ئەوی دیکە ناوی (خەیری)بوو، بەڵام سێیەمیان کە ناوی (خالد)بوو پیاوێکی خراپ بوو، کە دەبووە زابت خەفەر شەوان دەرگای قاوشەکەی لەسەرمان دادەخست. ئێوارەیەک کاک عەلی نادر گوتی ڕاوەستن ئێستا چارەی دەکەم، گوتی دەست دەکەم بە حۆقە حۆق، ئێوەش بڵێن هەموومان تەسەمومان کردووە، کاک عەلی دەستی پێکرد ئێمەش کردمانە هات و هاوار، دیتمان زابت خەفەر بەغار هات... گوتمان دەرگاکە بکەوە تەسەمومان کردووە، ئەویش زۆر بەخێرایی دەرگای کردەوەو جارێکی دیکە لەسەری دانەخستین ، دکتۆر (شامل السامرائی) یەکێک بوو لە وەزیرە بەندەکان خێرا هاتە لامان و دەرمانی بۆ هێنایین.

بەرە بەرە تەندروستیمان چاک بۆوە، لەبیرمە بۆ ماوەی مانگێک ئەوجا خوێن لەناو چاوم کۆتایی هات، چونکە چاوەکانم ببوونە گۆمی خوێن، پێیەکانیشم ئەوەندە ئەستوور ببون بە نەعلەوە نەدەچوون، لەسەر ئەوحاڵەش خۆشحاڵ بووین چونکە بەتەما نەبووین لە دەست ئەوانە ڕزگار ببین.

ڕۆژێک لە ژوورەکەی خۆمان دانیشتبووین گاڵتەمان دەکرد، هەر ئەوەندەم زانی کاک عەلی بێجامەکەی منی هێنایە خوارێ و لەشم بەدیار کەوت، منیش زۆر بەخێرایی بێجامەکەم هەڵکێشایەوەو گوتم باشە برام با بۆت بمێنێ، وەعدبێ ئەو تۆڵەیەت لێ بکەمەوە.

ڕۆژێک مشاوەرەیەکی کاک ئەحمەد مەولودم کردو گوتم کاک

عەلی مێشکی سەرمانی بردووە ئەوەندە بلێیت کاتی خۆی دووساڵ حوکمی غیابیم لەسەرە، منیش ئێستا بەوە تۆڵەی خۆمی لێدەکەمەوە. کاک عەلی زۆر حەزی لە خەون گێڕانەوە و باسکردنی هەبوو، بۆ مرۆڤێکی بەند ئەوە سروشتییە، بانگی کاک ئەمیر فەتحوڵڵام کرد کە لەگەڵ ئێمە گیرابوو، گوتم بەیانی کە لەخەو هەڵساین و چووینە بەر رۆژ لە حەوشەکە بلێ کاک عەلی وەرە ئەمشەو من خەونێکی زۆر سەیرم دیوە، کاک عەلیش هەر گوێی لەو قسەیە ببێت یەکسەر دەڵێ دەتوخوا بۆم بگێڕەوە، تۆش بلێ لەو خەوەدا دیتم ئێمە هەموومان خۆمان گۆڕیبوو بەو دەرگایە گەورەیە دەیان بردینە دەرەوە، بەڵام تۆ جلێکی بۆرت لەبەر بوو بەو دەرگایە بچووکەی پشتەوە بزریان کردی. بۆ بەیانی ئێمە چووین لە نزیک کاک ئەمیر راوەستاین، کاک ئەمیر چۆنم پێ گوتبوو ئاوهای بەکاک عەلی گوت، کاک عەلی شەپێکی لە چۆکی خۆی داو گوتی برام چاکم دەزانی وام لێ دێ، ئێوە بەر دەبن و منیش دەبەنە بەندیخانە ئەو دووساڵ حوکمە غیابییەم پێ دەکەن، لەبەر ئەوەی کاک عەلی زۆر بەپەرۆشەوە قسەی دەکرد نەمان دەوێرا بە چاکی بۆ خۆمان پێبکەنین لە زگی خۆمان دەناوە، کاک ئەحمەد گوتی براکەم هەر گوێشی مەدێ خەون چییە؟ کاک عەلی دەیگوت نا برام تۆ نازانی من دەزانم... بەم جۆرە کاتی خۆمان بەسەر دەبردو، بەوشێوەیە رامان دەبوارد.

ئەوەی راستی بێ گشتمان ورەمان بەرزبوو، کوڕێکی ئەندازیارمان لەگەڵ بوو، هەر لەبەر ئەوەندە گیرابوو لەوکاتەی ئێمەیان گرت بە جادەکەدا تێپەڕی بوو، ئێمە هەر نەشمان دەناسی، بەڵام خوا حەقە پاوێکی باش بوو.



(مالک دوهان الحسن) کە کاتی خۆی وەزیری ئیعلام بوو، ئەویش لەگەڵ وەزیرەکانی دیکەو تاهیر یەحیای سەرۆک وەزیران بەندبوو، پیاوێکیان لەگەڵ بوو ناوی نافع داود بوو بە (نافع بطە) مەشهور بوو، کاتی خۆی سەرۆک مەحکەمە بووە، هەرخەریکی قورئان خوێندن بوو، ئەو (مالک دوهان الحسن)ە پێی دەگوت «ابو داود انت مومثلنا انت كنت رئيس محكمة حاكم الناس مايفيدك قراءة القرأن، لازم تنحكم»، کە لەپێش چاوی ئێمە وای پێدەگوت دیار بوو پێی ناخۆش بوو، ئەوان ژووریان لەگەڵ ئێمە جیاواز بوو، بەڵام وادەبوو دەهاتنە حەوشەکەو لەبەر رۆژ دادەنیشتن.

خوا هەڵناگرێ ئەوان هەوڵی ئەوەیان دەدا یارمەتیمان بدەن لە خواردن، چونکە ئەوان مواجەهەیان هەبوو و خواردن و شتیان زۆر بۆ دەهات، ئێمەش لەو بابەتەوە سفر بووین، بەڵام بڕیارمان دابوو شتی کەس نەخۆین و وەرنەگرین، بەو جەمە خراپەی وەرمان دەگرت ئیدارە بکەین، ئاوهامان بە پەسەند زانی وابزانم راستیش بوو، بۆ ماوەی دوومانگ لە بەندیخانەی فەزیلیە ماینەوە مواجەهەمان نەبوو، بەڵام هەندێ جار لە کونی دەرگا گەورەکە کەسوکارمان دەدیت و جارجار خواردنیان بۆ دەهێنان.

## گەڕاندنەوەم بۆ بەندیخانەی حیللە

رۆژێک هەر ئەوەندەمان زانی ناویان بانگ کردین و گوتیان خۆتان ئامادە بکەن، ئێمەش بەخێرایی خۆمان ئامادە کرد، نەمان دەزانی بۆ چییە، سواری لۆرییەکیان کردین و، ئێمەیان بردە ئەمنی عامە، لەوێ بۆمان دەرکەوت بەردەدرێین، بەڵام هەر کەسە بۆ شاری خۆی، (صحیفە الأعمال) یان لێ وەرگرتین، لێکیان دابڕاندین، لەوکاتە کوڕێکی قەڵادزەیی لە ئەمن کاتب بوو برادەری کاک ئەمیر بوو ناوی محەمەد بوو، پێی گوتم ئەوە چ بوو ئەوانت دەعوەت کردبوو تووشی بەڵات کردن؟ بەراستی قسەکەم زۆر لەلا گران بوو، چونکە رەخنەگرتن لە دەعوەت کردنی برادەر شتێکی زۆر غەریب بوو، کە لێکیان جیاواز کردینەوە بەمنیان گوت لەبەرئەوەی تۆ لەکاتی خۆی لە بەندیخانەی حیللە راتکردووە پێویستە رەوانەی حیللەت بکەینەوە بۆ لێکۆڵینەوە لە راکردنەکەت، منیش هەرچەندەم گوت بەر عەفوی گشتی کەوتووم هەر گوێشیان نەدامێ، پاشان دەرکەوت ئەوان دەیان زانی بەر عەفوەکە نەکەوتوومە، کاتی خۆی لە هەولێر بەهەڵە منیان تێگەیاندبوو.

رەوانەی (موقیعی سەرای بەغدا) یان کردم بۆ تەسفیرات بۆ ئەوەی رەوانەی حیللەم بکەنەوە، کە منیان بردە ئەوێ جێگایەک نەبوو نە لێی بوەستم و نە یاتاغەکەشم دابنێم، هۆسەیەک بوو کەس بەکەس نەبوو. بەهەر جۆرێک بوو جێگای لاقەکانی خۆم کردەوەو یاتاغەکەم لەسەر شان هێنا خوارەوەو راوەستام، ماوەیەکی پێچوو، پاشان دیتم لە دوورەوە پیاوێک دەست لە



ئەژنۆ دانیشتووە زۆر بێ تاقەت دیار بوو بە بنی چاوی و بە چوارپەنجە ئیشارەتی بۆ کردم بچمە لای ئەو، منیش بەهەر جۆرێک بوو خۆم گەیاندە لای، لەوانەیە بەقەدەر (٥٠سم٢) جێگای بۆ کردمەوە، وا دیاربوو کورد بوو خەڵکی شاری کەرکوک بوو، ئەوەندەیان لێدابوو هەموو لەشیان شکاندبوو، ئەو شەوە لەگەڵ ئەودا تا بەیانی دەست لە ئەژنۆ ماینەوە.

کاکم فەقیرە لە دەرەوە هەر لە دوام بوو، منیش وەڵامم بۆ نارد بەهەر شێوەیەک بێ وابکا رەوانەی حیللە بکرێم چونکە لێرە ناژیم، کاکیشم پارەی دابووە پۆلیسەکانی تەسفیرات منیان تەسفیرکرد بۆ حیللە، کاکم بەگەڵمان کەوت بۆ ئەوەی بەکەفیل بەرم بدات، بۆ بەیانی منیان بردە مەحکەمەی حیللە بۆ لێکۆڵینەوە.

لەسەر راکردنەکەم لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ کردم، کاکم کەفیلی هێنا بەرببم بەڵام پێیان گوتین ئێمە کتابێک بۆ بەندیخانەی حیللە دەنووسین بزانین ئەو عەفو عامە راکردووکانیش دەگرێتەوە یان نا؟ ئەوان دەیان زانی نامگرێتەوە، بەڵام بەکاکمیان نەدەگوت.

منیان گەڕاندەوە مەوقیفی سەرای حیللە، باش بوو لە ژوورێکی وایان دانام دوو سێ کەسی لێ بوو کوڕی باش بوون و بەندی سیاسی بوون.

## سەربردەی یەکێک لە بەندییە راکردووەکان

لەگـرتووخـانەی حیللە کـاک (کـەمـال کـەمـالە)م دیت (کـە لەپێشـەوە باسم کـردووە) گـەڕاندرابۆوە، منیش کە چاوم پێی کەوت سەرم سوڕما، پاش ئەوەی یەکترمان ماچ کرد لێم پرسی ئەوە بۆچی گیراویتەوە؟ ئەویش سەربردەی خۆی بەوشێوەیە بۆ باس کردم:

«ئەو شـەوەی لە بەندیخـانە رامـان کـرد، بەهەر جـۆرێک بوو خۆم گەیاندە ناو عەشیرەتی جەنابی کە لە دەوروپشتی شاری حیللە بوون، مـاوەیەک لەلای ئەوانم بردە سـەرو لە ئیـشـوکـار یاریدەم دەدان، پاشـان رۆژێک گـوتم دەبێ رەوانەی بەغـدام بکەن، بەسواری تراکتۆر منیان رەوانەی بەغدا کرد، ماوەیەک لەبەغدا مامەوە، پاشان چوومە خانەقین، ماوەیەکیش لەخانەقین مـامـەوە، دوایی بەهەر جۆرێک بوو ئاودیوی ئێران بووم، لەوێ ماوەیەکی باش مامەوە، هەویەی مزەوەرم بۆخۆم تەرتیب کرد، ئیشم کرد تاکو بڕیارم دا بچم بۆ مـاوەیەک لەشارێکی نزیک سنووری روسیا ئیش بکەم تاکو شارەزاییم دەبێ و بۆ روسیا دەپەڕمەوە، وام کردو چووم لە یەکێک لە شارەکانی سەرسنوور مـامـەوە، تاکو رێگاوبانەکان شارەزا بووم، رۆژێک ملی رێگام گرت، هەر رۆیشتم تا شەوم بەسەرداهات، زۆر کەمی مـابوو بگەمـە سـەر سنووری روسیـا، بەفربوو ساردبوو تووشی چەند گـورگـێک بووم، ئەگـەر زۆر بە ئازایی نەچووبوومـایە سـەر بنەدارێک، گورگەکان کۆتاییان پێم دەهێنا، وا رێککەوت خاڵی



حەرەسی ئێرانییـان لەو جێگایە نزیک بوو، لەگـەڵ دەنگی گورگەکان بەرەو لام هاتن، لایتیان پێبوو منیان دۆزییەوە، وایان دەزانی روسیم دەمەوێ بە قـاچاغ بچمـە ئێران، ناچار گـوتم یۆنانیم روسی نیم، پاشان منیان بردە بەندیخانەیەک کە تایبەت بوو بەخـەڵکی بیـانی، رۆژێک بەهۆی بەندییـەکی تازەوە بۆم دەرکـەوت لەعـێـراق شۆڕشی ١٧ی تەمـوز کراوەو عـەفـوعـام بۆ گشت بەندییەکان دەرچووە، ئەوکاتە بڕیارم دا خۆم کەشف بکەم، وەڵامم بۆ مدیری بەندیخانەکە رەوانەکرد کە ئیعتیراف دەکەم، هەر ئەوەندەم زانی لەدوایاندا ناردم، دیتم سـەرمـێـزێکیـان بەمیوەو خواردن رازاندۆتەوەو بەگفت و لفتی خۆش پێشوازییان لێ کردم، منیش سەربردەکەی خۆمم بۆگێڕانەوە، ئەوجا مایەوە ئەوەی بڵێن لە ئێران کێ دەناسی، منیش گوتم کەس، بەهەزار حاڵ لە کۆڵ خـۆم کردنەوەو قـەناعـەتم پێ هێنان کە هیچ کـەس یاریدەی منی نەداوە تەنها خۆم نەبێ.

چەند رۆژێکی پێچوو منیـان تەسفیر کردەوە بۆ عـێراق، کە گەیشتمەوە عێراق بەو پێیـەی عەفوعام دەرچووە، دوای پێنج رۆژ منیـان بەردا ، رۆژێـک هاتن منیـان گرتەوەو بۆ بەندیخانەی حیللەیان گەڕاندمـەوەو، دەمانگە لێرە لە ئینفرادی بەندم، زۆر ئەزیەتیـان داوم، ئێسـتـاش وا بەندییەکـەم تەواو بووەو رەوانەی بەغدام دەکەنەوە بۆ بەربوون»

کاک کەمال کەماله پێی گوتم ئەگەر چارەیەک لەخۆت نەکەی زۆر شپرزەت دەکەن چونکە زۆر لێمان بە داخن.

کـاکـیشم بەهۆی برادەرێکەوە کە نـاوی (حـاکم تەحسین)بوو هەر خـەریکم بوو، ئەوەندەم زانی منیـان بردە ئەمنی حـیللە، دەتوانم بڵێم هەمـوو دائیـرە لەسـەرم کۆبوونەوە، دەیانگوت وەرە

بزانین چۆن رزگـار بووی لە بەندیخـانەو چۆن رات کـرد؟! هەر وەخت بوو سەرم هەڵقەنن، پاشان کوڕێکی لاو کە مەسئول بوو منی لەبەر دەستیان دەرهێناو خۆی لێ تووڕە کردن، پێی گوتن؛ عەیب ناکەن، ئێستا ئەم پیاوە رای کردو تەواو، وا لەبەردەستی خۆمانە، وازی لێبێنن، باش بوو وازیان لێ هێنام.

پاش لێکۆڵینەوەو (صحیفة الآعمال) منیـان گەڕاندەوە مەوقیفی حیللە، بۆ بەیانی پۆلیس ناویان خوێندمەوەو بردمیانە لای خۆیان، کـتابی بەندیخانەی حیللەیان پێ نیشـاندام کە نووسرابوو: «ان قرار مجلس قیادة الثورة في ١٩٦٩/٩/٥ لا یشمل السجناء الهاربین من اثناء صدوره، یرجى اعادة السجین الهارب الینا لاکمال مدة محکومیته).

ئێمەش هەر ئەوەندەمان پێکرا خەبەر بدەینە حاکم تەحسین بەڵکو تەلەفۆن بۆ مدیری بەندیخانە بکا ئەزیەتم نەدا، چونکە مدیرەکەش لەمێژ نەبوو بەربوو، چونکە لەسەر راکردنەکەی ئێمە ١٠ مانگ بەند کرابوو، دەستیان خستمەوە کەلەپچەو منیان گەڕاندەوە بەندیخانەی حیللە، رەئیس عورەفای پۆلیسەکان (کانە)ی بۆ هێنام منیش گوتم من بەندی سیاسیم (کانە) لەبەر ناکەم(کانە ئەو جلەیە بەندی ئاسایی لەبەری دەکا، ئێمە کاتی خۆی وەرمان دەگرت، بەڵام لەبەرمان نەدەکرد) کابرای پۆلیس گوتی باوکم وەک جاران وەری بگرەو لەبەری مەکە.

کە تەماشام کرد بەندیخانە بە کۆن و تازەیەوە مۆنجەی دەهات ئەوەندە بەندی تێدابوو، هەمووش بەندی ئاسایی بوون (سیاسی نەبوون)، من تاکە بەندی سیاسی بووم، رەوانەی وەزیریەیان



کردم، وەزیریە جێگایەکی بچووک بوو لە دەوروبەری شوورەی بەندیخانەکە بوو، چەند کەسێکی دیکەشی لێ بوو، چەندی چاوم گێڕا کەسێکی وام نەهاتە بەرچاو دڵم بیگرێ، ئەوەندەی پێنەچوو دیتم مدیری بەندیخانە کە ناوی مەسعود بوو هاتە لام گوتی: هاکاکە بۆچی لە بەندیخانە رات کرد؟ منیش گوتم ئەگەر تۆش لە جێگای من بوویتایە رات دەکرد. گوتی لەسەر ئێوە زۆریان ئەزیەت دام، منیش گوتم هیچ خەتای ئێمەی تێدا نییە، وا دیاربوو کاک تەحسین تەلەفۆنی بۆ کردبوو، دەنا لەپێش چاوی پۆلیس و بەندە ئاساییەکان ئەوەندە گفتوگۆی نەرمی لەگەڵ نەدەکردم، ئەوجا هەرخۆی گوتی کاک تەحسین تەلەفۆنی بۆ کردووم، هەرچیت ویست ئامادەم، بەوەندە قسەیە وام هەست کرد هەر بەندیش نیم.

من وام دەزانی ئەوە هەر رای بەندیخانەیە کە عەفوەکە شمولم ناکا، بۆیە سکاڵام بۆ (وزارة العدل) و (وزارة الشؤون الأجتماعیة) و (مدیر السجون العام) نووسی و، لە هەر سێ لاوە وەڵامم بۆ هاتەوە نوسیبوویان: (ان قرار مجلس قیادة الثورة لایشمل السجناء الهاربین من اثناء صدوره) منیش کە بێ هیوا بووم وازم هێنا.

## مەرسومێکی کۆماری بۆ بەردانم

کاکم چووە لای کاک (عەونی یوسف) و هێنایە بەندیخانەی حیللەو وەکالەتی لێ وەرگرتم کە بەرم بدا، کاک عەونی لائیحەیەکی دابووە (مجلس الوزراء) نوسیبووی (موەکیلی من سیاسییەو هەروا لە بەندیخانە ماوەتەوە)، باسی ئەوەی نەکردبوو کە لە بەندیخانە رام کردووە.

داوای ئەوراقیان کردبووم، کاکم چووبوو بەیەک رۆژ ئەوراقەکەمی (کە کاتی خۆی نێردرابووە موسڵ) لە کەرکوکەوە گەڕاندەوە بەغدا، لەوێ کە تەماشا دەکەن قەزیەکەی من سیاسییە، رەوانەی (رئاسة الجمهورية)یان کردبوو و مەرسومی جمهوریم بۆ دەرچوو: (اعفاء ماتبقى من مدة محكومية السجين السياسي سعدالله محمد حسين).

هەتا کاکم ئەو ئیش و کارەی تەواو کرد، منیش لەلایەن خۆمەوە ئەوەم کرد؛ کاتی خۆی کە بەندکراین بیستمان عەفوێک دەرچووە لەسەدا دەی ئەسڵی حوکمەکە کەم دەکاتەوە، منیش سکاڵام دایە بەندیخانەی حیللەو گوتم مادام مەشمول نیم بە عەفو داوا دەکەم عەفوی لەسەدا دەیەکەم بۆ حیساب بکەن، وەڵام گەڕایەوە بۆیان حیساب کردبووم دووساڵی لە ماوەی بەندییەکەم کەمکردبۆوە، وای لێهات چوارمانگم مابوو دەربچم، بەڵام کە مەرسومەکە دەرچوو هەموو ئەوانەی پشتەو شار کردەوە.





کتابی بەڕێوەبەری گشتی بەندیخانە سەبارەت بە بەربوونم بە مەرسومی کۆماری

لەو ماوەیەی لە وەزیریە مامەوە لەبەندیخانەی حیللە، کوڕێکی لاو بەند بوو لەسەر دزی بەند کرابوو ناوی داود بوو دزێکی زۆر سەیر بوو، دەیگوت جزدانی پارە لە گیرفان دەردەهێنم و پارەکەی دەبەم و جزدانەکە لە جێگای خۆی دادەنێمەوە بێ ئەوەی خاوەنەکەی هەستی پێ بکا، دەی گوت لە جێگای قەڵەباڵغدا ئەو جۆرە دزییەم کردووە. دووسێ پیاوی دیکەی لێ بوو لەسەر قاچاخچێتی گیرابوون، پیاوی باش بوون، ئەوانی دیکە لەسەر شتی خراپ گیرابوون.

رۆژێک کاکم چووبووە لای کاک تەحسین بۆ ئەوەی وەرەقەیەکی لێ وەربگرێت بێتە لای من، دیتبووی گەنجێک هاتووە بۆ لای مامی و ناهێڵن بیبینێ، کاکم مواجەهەی بۆ ئەویش وەرگرتبوو، پیاوە بەندەکە ناوی (گحیط)بوو خەڵکی

(ابو صخیر)بوو زۆر سوپاسی کردین، ڕۆژێک لەبەندیخانە دەعوەتی کردم گەلێک شەرمەزاری کردم.



## سەدام حوسێن چی لێم دەویست؟

کە مەرسوم جمهورییەکە دەرچوو، منیان گەڕاندەوە گرتووخانەی حیللە، بۆ ئەوەی ڕەوانەی بەغدام بکەن بۆ بەربوون، من وام دەزانی لە بەغداوە یەکسەر ڕەوانەی هەولێرم دەکەنەوە، بەڵام کە منیان بردە بەغدا بردمیانە ئەمنی عام، دەوام لەسەر تەواو بوون بوو (هەرچەندە لەوێ هەموو کاتێک دەوامە)، منیان بردە لای مدیری مەکتەبی یەک کەناوی محەمەد ساڵح بوو، دەیان گوت کوردە بەڵام بە کوردی قسەی نەدەکرد، زۆر مۆن دیار بوو، ئەگەرچی ناردی چایەکم بۆ هات و گوتی کاری تۆ لەلای ئێمە تەواو بووە، تەنها ئەوەیە داوای تۆیان کردووە ڕەوانەی جەماعەتەکەت بکەین، منیش گوتم تۆ بەهەڵەدا چووی من هیچ جەماعەتێکم نییە، من سەربەخۆ بەندکراوم، بەسەرهاتی خۆم بەکورتی بۆ باس کرد.

زەنێگێکی لێدا موراسیلەکەی هات، گوتی: «روح جیب أولیات سعدالله محمد حسین»، ئەویش بەخێرایی چوو هێنای، کە ئەوەلیاتەکەی تەماشاکرد گوتی تۆ لە قەسری جمهوری ئەو بروسکەیەت بەدوادا هاتووە، لە بروسکەکەدا نووسرابوو: «بعد اطلاق سراحه یرجی ارساله الى القصر الجمهوري- مكتب العلاقات للمناقشات السياسية)، گوتی سەدام حوسین داوای تۆی کردووە.

بەراستی بەو بروسکەیە زۆر تێک چووم، چونکە دەیان ویست جوێن بە (بارزانیی نەمر) بدەم، منیش شەش ساڵ

بەرووی سپییەوە لە بەندیخانە ئازارو مەینەتیم کێشاوە، تازە بەتازە بچم رووی خۆم رەش بکەم؟! ئەوە مەحاڵ بوو لەلام، ئەگەر تەنازولم بکردبووایە زۆر لەمێژبوو تەنانەت پێش راکردنم لە بەندیخانە بەردەدرام، ئەوانەی ئەوکات بەند بوون زۆر چاک ئەو حەقیقەتە دەزانن.

باش بوو خوا رەحمی کرد ئەوەندەی تەلەفۆنیان کرد سەدام حوسێنیان پێ حاسڵ نەکرا، بەشێوەیەکی کاتی ژووریکیان دامێ تەلەفۆنی تێدابوو، بەدوو ئەمنیشیان گوت چیی ویست بۆی جێبەجێ بکەن، منیش جاری هیچم نەکرد تەلەفۆنم بۆ کاکم کرد کە لە ئۆتێل دیوانیە بوو لای کاک محەمەد حەیدەر، گوتم کاکە ئەگەر کاک عەونی بەفریام نەکەوێ من تەواو، کاکیشم بەخێرایی چووبووە لای کاک عەونی، لەو لاشەوە ئەو رۆژە تا بەیانی هەر تەلەفۆنیان دەکرد، بەڵام سەدام حوسێن حاسڵ نەبوو، کە دەیویست موناقەشەی سیاسیم لەگەڵدا بکا.

بۆ بەیانی دەوام داندرا کاک عەونی یوسف وەک شێران گەیشتە لام و، منیش بۆم باس کرد کە چییان لێم دەوێ، گوتی ئاسانە بڵێ من جەماعەتی رزگاریم، ئەوکاتە ئەوان خەریک بوو حزبی رزگارییان پێک دەهێنا. باش بوو کاک عەونی کە چووە لای مدیرەکەو دواتر چووە لای مدیر عام، دیاربوو تەلەفۆنیان کردبوو گوتبوویان ئێمە یەکێک دەنێرین.

دیسان فریشتەیەک لەم مەینەتیەی رزگار کردم؛ دانیشتبووم لە بالکۆنەکەی ئەمنی عام، ئەمنێک هاتە لام گوتی: «کاکە تفضل للغرفة راح يأتيك خطار»، منیش هەروەک دەڵێن هەزار حیسابم بۆ خۆم کردو بڕیارم دابوو ئەگەر بشم کوژن جوێن بەکەس



نەدەم.

هەر ئەوەندەم زانی پیاوێکی جل رەشی رووخۆش و دەم بەپێکەنین لێم هاتە ژوورەوەو سەلامی کردو گوتی: «العفو اني من الحزب مو من الامن»، منیش بەخێرهاتنم کرد، لێی پرسیم خەڵکی کوێی؟ منیش گوتم هەولێر، کە گوتم هەولێر نازانم چی لێ بەسەرهات؟! گوتی من چەند ساڵ لە هەولێر ژیاوم، هەتا دەمرم چاکەی خەڵکی هەولێر لەبیر ناکەم، دەستی پێکرد گوتی مخابنە پیاوی وەک تۆ بەند بێ، بزانیایە بەندی و خەڵکی هەولێری یارمەتیم دەدای، هیچ شتێکی وای نەگوت دڵگیرم بکا، هەر قسەی خۆش و باسی هەولێر بوو.

پاشان چووە لای مدیر عام و گەڕایەوە لای من گوتی کاکە فەرموو، یاتاغێکم پێبوو لەگەڵ جانتایەک، زۆری لێکردم جانتایەکەم بۆ هەڵگرێ، لە دەرگای گەورە دەیان ویست ئیزنمان نەدەن، لەسەرەوە بانگیان کرد لێیان گەڕێن بابڕۆن، من نەمدەزانی بۆ کوێشم دەبا، تەکسییەکی راگرت و سوار بووین، لە رێگا ئەدرەس و ناوی خۆی لەسەر پارچە کاغەزێک نووسی و، کاغەزەکەی دامێ و گوتی هەر ئیشێکت هەبوو بەو ئەدرەسە پەیوەندیم پێوە بکە ئامادەم یارمەتیت بدەم. دواتر هاتە خوارێ و خواحافیزیی لەمن کردو رۆیشت، تەکسیەکە منی گەیاندە ئوتێل دیوانیە کە کاکم لەوێ بوو.

هەر ئەوکاتە ئەدرەسی کابرام دڕاندو فڕێمدا، چونکە بەتەمای ئەوە نەبووم هیچ ئیشێکم پێی ببێ، بەپێچەوانەی زۆر کەس کە لە خوایان دەویست شتێکی وایان بۆ رێک بکەوێ.

***تەواو***